# ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی کوردسات لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت بەکێشەکانی ئاو

## تویژینەوەیەکی مەیدانیە لەسەر هاوڵاتیانی شاری سلێمانی

**هاوڕێ محمود رسول**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی. سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**: ئەم تویژینەوە زانستیە سۆراغی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (kurdsat )دەکات لەپێدانی هۆشیاری بە بینەرانی سەبارەت بەچۆنیەتی مامەڵەکردن لە گەڵ سامانی نیشتمانی ئاو و کێشەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستاندا.

کۆمەڵگەی تویژینەوەکە بریتیە لە (هاوڵاتیانی شاری سلێمانی) یەو تیایدا (350) هاوڵاتی شاری سلێمانیی لە(کاسب،خویندکار،مامۆستا، فەرمانبەر،بیکار)، وەك سامپڵی تویژینەوەکە بەشێوەی (ناهەڕەمەکی مەبەستدار) وەرگیراون.

تویژینەوەکە هەوڵ دەدات بۆ پیشاندانی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی(Kurd sat ) لەهەریەك لەم بوارانەی لای خوارەوەدا :

- پێدانی هۆشیاری بە هاوڵاتیان سەبارەت بە زانینی بایەخ وپێگەی ستراتیجی سامانی نیشتمانی ئاو لە جیهان و ناوچەکەو هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانیدا.
- خستنەڕووی هۆشیاری بۆ هاوڵاتیان سەبارەت بە پاراستن و پاك ڕاگرتنی سەرچاوە کانی ئاوی شاری سلێمانی.
- هاندانی هاوڵاتیان بۆ بەفیڕۆنەدانی ئاو و بەکارهێنانی ئاو بە گوێرەی پێویست .
- زانینی ئاستی سوودبینینی هاوڵاتیان لەدامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە سیستەمی دابەشکردنی ئاو لەشاری سلێمانیدا.

لە ڕووی مەنهەجییەوە تویژینەوەیەکی وەسفی ڕوپێوی (مەسحی) یەو (فۆڕمی ڕاپرسی) و(سەرچاوە سەرەکی ولاوەکیەکان) ی وەك ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە، دەرئەنجامی تویژینەوەکە دەریخستووە کە ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لەم بوارەدا بەم شێوەیەی لای خوارەوە بووە:

- ڕۆڵێکی کەمی هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت زانینی بایەخ و پێگەی ستراتیژی سامانی نیشتمانی ئاولەجیهان وناوچەکەوهەرێمی کوردستان وشاری سلێمانیدا.
- تاڕادەیەك ڕۆڵی هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت بە پاراستن و پاك ڕاگرتنی سەرچاوەکانی ئاوی شارەکە.
- تاڕادەیەك ڕۆڵی هەبووە لەهاندانی هاوڵاتیان بۆ بەفیڕۆنەدانی ئاو و بەکارهێنانی ئاو بە گوێرەی پێویست.
- هاوڵاتیان تاڕادەیەك سودیان بینیوە لە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) بۆ وەرگر تنی زانیاری سەبارەت بە سیستەمی دابەشکردنی ئاو لەشاری سلێمانیدا.

**کلیلە ووشەکان :** ڕۆڵ ، دامەزراوەی تەلەفیزیۆنی، دامەزراوەی تەلەفیزیۆنی کوردی، ئاو، کێشەکانی ئاو ، هۆشیاری، هاوڵاتی، دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) .

### یەکەم
### پێشەکی و لایەنی میتۆدی تویژینەوە:

#### 1 - پێشەکی:

لەئێستادا میدیا بۆتە بەشێك لەپێداویستی کۆمەڵگاو بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیای پەیوەندی وفرەیی خزمەتگوزاریەکانەوە هەژمونێکی کاریگەری بەسەر کوێ کایەکانی کۆمە لگاوە هەیە.

لەو گۆشەنیگایەوە دامەزراوە میدیاییەکان کە خۆیان دەبیننەوە لە( کەناڵی تەلەفیزیۆنی و ڕادیۆیی وسایتی ئینتەرنێتی و تۆڕی کۆمەڵایەت) ڕۆڵێکی بەرچاو ئەگێڕن لەڕووماڵی بابە تەوربەجۆرە (کۆمەڵایەتی،ڕۆشنبیری،سیاسی،ئابووری،ژینگەیی،جوگرافی،مێژوویی، هتد.) یەکاندا بەگوێرەی تایبەتمەندی وڕۆڵگێڕانی کەناڵەکان لەبوارە جیاوازەکان دەتوانن ببنە سەکۆیەکی گرنگ بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لەسەرجەم بوارەکاندا.

بایەتی ئاووکێشە جۆراوجۆرەکانی وەك دیاردەیەکی ژینگەیی و جوگرافی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ژیانی تاك بە تاك و سەرجەم چین وتویژەکان وکۆی دامەزراو کانی کۆمەڵگەوە هەیە، بێیەش نیە لەبایەخپێدانی میدیایی ودەرخستنی ڕەهەندو کێشەکانی.

بەوپێیەی دامەزراوە میدیاییەکان ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لە ئاراستەکردنی تاك و هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵداو وەك ئامرازێکی پەیوەندی جەماوەری دەتوانن لەمیانەی بڵاوکردنە وەی هەواڵ و زانیاری و ڕیپۆرتاژ و پرۆگرام وریکلام و پەیامی هۆشیاری ئامێزەوە خوێنەران و بینەران و بیسەرانیان بەرچاو ڕوونتر بکەن لە سەر بایەخی سامانی نیشتمانی ئاو و کێشەکانی ئەم بوارە لە شاری سلێمانیدا.

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 9، العدد 3(2023) ؛ عدد الصفحات (17)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v9n3y2023.pp1-17

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 11 كانون الأول 2022؛ قُبل في 18 كانون الثاني 2023؛ نُشرت في 2 تموز 2023؛

البريد الإلكتروني للمؤلف :hawre.rasool@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2023 هاورێ محمود رسوڵ. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 40

لەو ڕوانگەوە ئەم توێژینەوەیە تیشك ئەخاتە سەر ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat) لەهۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان لەمەڕ دەرامەتی ئاو ودەرخستنی کێشەکانی ئەم بوارە گرنگە، توێژەر مەبەستیەتی لەژێر ناونیشانی (ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی کوردسات لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت بەکێشەکانی ئاو) ئاماژە بەورۆڵە میدیاییە بکات.
ئەم توێژینەوەیە لەسێ تەوەرپێکهاتووە،تەوەری یەکەم هەریەکە لەمیتۆدی توێژینەوە وپێناسەی چەمك وزاراوەکانی توێژینەوەکەی لەخۆگرتووە.
لە تەوەری دووەمی توێژینەوەکەشدا هەر یەکەلە باسەکانی دامەزراوە میدیاییەکان و ڕۆڵیان لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاو دەرامەتی ئاو وەك سامانێکی نیشتمانی و کێشەکانی ئەم بوارە خراوەتەڕوو.
تەوەری سێیەم کەدوا تەوەری توێژینەوەکەیە لایەنی پڕاکتیکی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت کە فۆڕمی ڕاپرسی وەك ئامڕازی توێژینەوە بەکارهێنراوەو بەشێوەی داتا زانیاریە کان ڕوونکراونەتەوە، لەکۆتایشدا ئاماژە بە هەریەکە لەوەڵامی گریمانەکانی توێژینەوەو دەرئەنجام و پێشنیارو ڕاسپاردەکان و لیستی سەرچاوەکان کراوە.

### 2- لایەنی میتۆدیی توێژینەوەکە:

#### 2- 1 : کێشەی توێژینەوەکە :

کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا ئەبینێتەوە کەدامەزراوەکانی میدیای کوردی بەشێوەیەکی گشتی و دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لەڕووی چەندایەتیەوە بەردەوام لەگەشەکردندان و بەرنامەی هەمەجۆریان هەیە بەڵام لەبەرانبەردا ڕۆڵیان لە پێدانی هۆشیاری لەمەڕ بابەتێکی گرنگی لەچەشنی بەکارهێنانی ئاو وەك سەرچاوەیەکی بایەخداری ژیانکردن وسامانێکی گرنگی نیشتمانی وکێشەکانی ئەم بوارە، نادیارە، لەبەرانبەر ئەو زیادکردنە چەندایەتیەدا ڕۆڵی ئامڕازەکانی میدیا بە گشتی و دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat ) بەتایبەتی وەك دامەزراوەیەکی گرنگی میدیایی دیارو بەرفراوان کەخاوەنی دووکەناڵی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی و ڕادیۆو سایتی ئەلیکترۆنی و سۆشیال میدیایە ، لەسەر پرسی هۆشیاری بەخشین ودروستکردنی هاوڵاتیەکی هۆشیار بەرانبەر بە کێشەکانی ئاو ڕوون و ئاشکرا نیە.
ئەمەش لەو ڕوانگەوە توێژەر هەستی بەوە کردووە، کە لەبارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستاندا توێژینەوە لەپرسی ئاو و کێشەکانی ئەم بوارە پێویستیەکی گرنگەو بەلایەوە شیاوی بنکۆڵکردنە،تاکو لەڕێگەیەوە بتوانرێت ڕۆڵی هۆشیاری بەخشانەی لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری سەبارەت بە کێشەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان بخرێتەڕوو.
لەبەر ئەوەی لەلایەکەوە ئاو وکێشەکانی پەیوەندیدارە بەژیانی کۆمەڵگە بەگشتی، هاوکات لەلایەکی تریشەوە ئەرکی بەخشینی هۆشیاری لەسەر ئەم پرسە یەکێکە لەئەرکە سەرەکیە کانی دامەزراوە میدیاییەکان ، لەو گۆشەنیگایەوە توێژەر بە جێگەی بایەخی زانی کە ڕۆڵی ئەم دامەزراوە میدیاییە لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیاندا بەرانبەر بە بەپرسی ئاو و کێشە کانی ئەم بوارە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەربخات .
توێژەر هەوڵ دەدات کێشەی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لە میانەی ئەم پرسیارە سەرەکیەدا بخاتەڕوو: ئایا ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) چی بووە لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان دەربارەی کێشەکانی ئاو لە شاری سلێمانیدا؟
ئەم پرسیارە سەرەکیەش چەند پرسیارێکی لاوەکی لەخۆ دەگرێت، کەبریتین لە:
أ- ئایا ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) چی بووەسەبارەت بەپێدانی هۆشیاری بە هاوڵاتیان دەربارەی زانینی بایەخ و پێگەی ستراتیجی سامانی نیشتمانی ئاو لەجیهان و ناوچەکەو هەرێمی کوردستان وشاری سلێمانیدا ؟
ب- ئایا ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) چی بووە سەبارەت بە بڵاوکردنەوەی زانیاری و داتاو ئاماری تایبەت بە کێشەکانی ئاو لە شاری سلێمانیدا؟
ج - ئایا دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) تاچەند ڕۆڵی هەبووە لەهۆشیاری کردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت بە پاراستن وپاك ڕاگرتنی سەرچاوەکانی ئاوی شاری سلێمانی؟
د- ئایا ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لەهاندانی هاوڵاتیان بۆ بەفیڕۆنەدانی ئاو و بەکارهێنانی ئاو بەگوێرەی پێویست چی بووە ؟
هـ- ئایا تاچەند هاوڵاتیان سوودیان لە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) بینیوە بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە سیستەمی دابەشکردنی ئاو لەشاری سلێمانیدا؟

#### 2- 2 : گرنگی توێژینەوەکە :

بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەم بوارانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت :

**أ- گرنگی زانستی** : لەوسۆنگەوە توێژینەوەکە بۆ بواری زانستی ڕاگەیاندن بەسود دەبێت چونکە لەئەرکێکی بنەڕەتی و گرنگی میدیا دەکۆڵێتەوە، کەهۆشیاری بەخشینە، لەو ڕوانگەوە پێگەیاندنی هاوڵاتیەکی هۆشیار بەرانبەر پرسی ئاو و کێشەکانی ئەو بوارە لە ئەرکە هەرە سەرەکییەکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندنە.
لەم گوشەنیگایەوە توێژینەوەکە دەبێتەسەرچاوەیەکی باش بۆ خوێنەران و توێژەران لە داهاتوودا، هەروەك خزمەتێکیشەبە ئاڕاستەی زیاتر دەوڵەمەندکردنی کتێبخانەی کوردی لە هەردوو بواری زانستی (میدیا) و( ئاو) دا لە هەرێمی کوردستان.

**ب- گرنگی گشتی:** لەلایەکی ترەوە بایەخی توێژینەوەکە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کەلەبوارێکی زیندووی پەیوەست بە ژیانی تاك و کۆمەڵ بەگشتی دەکۆڵێتەوە، ئەمەش لەو ڕوانگەوە کە پرسی ئاو پرسێکی گشتیەو پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەو هەماهەنگی گشتی وپەرەپێدانی زیاتر هەیە، هەروەها بایەخی ئەم دامەزراوە میدیاییە لەپێدانی ئەو هۆشیارییە نیشتمانیە لەسەر پرسی ئاو ڕوون دەکاتەوە، هاوکات گیانی هەستکردن بە لێپرسراوێتی هاوڵاتیان بەرانبەر بەمامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ئاو دەردەخات.
لایەنێکی تریش کە گرنگی توێژینەوەکە زیاتر دەردەخات ئەوەیە کە ئەم توێژینەوەیە دەبێتە هەوڵێکی نۆبەرەو دەستپێك لەم بوارەدا، چونکە ئەوەندەی توێژەر هەوڵیدا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە توێژینەوە لەسەر بوارێکی گرنگی وەك ڕۆلی هۆشیاریبەخشانەی میدیا لەسەر پرسی ئاو یەکجار کەمەو لە ئاستی دەگمەندایەو تاکو ئێستا لەڕێگەی توێژینەوە ی زانستیەوە تیشك نەخراوەتە سەرئەم بوارە دەکرێت لە زۆر ڕووی ژینگەیی و میدیاییدا سودی گشتی بگەیەنێت .

**ج - گرنگی پراکتریکی:** لێرەوە توێژینەوەکە بایەخپێدانی دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat) ڕۆشن دەکاتەوە لە گرنگی دانیان بەڕۆشنبیری وهۆشیاری سەبارەت بە پرسی ئاو و دەرخستنی کێشەکانی ئەم بوارە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و ڕۆلی میدیایی ئەم دامەزراوەیە لەسەر ئەم پرسە گرنگەی ژیان، شەن و کەو دەکات.
هاوکات دەکرێت لەڕێگەی ئەنجامە بەدەستهاتووەکان و ڕاسپاردەکانیەوە توێژینەوەکە بکرێتە هاوکارو سەرچاوەیەکی زانستی بۆ بەخۆداچوونەوەی میدیایی دامەزراوە میدیا ییەکان بە گشتی ودامەزراوەی میدیایی(Kurd sat) بەتایبەتی وەك مشتە (عەینە) ی توێژینەوەو داڕشتنەوەی پلانی نوێی میدیاییان وپێداچوونەوەیان سەبارەت بە ڕۆڵیان لەم بوارەدا، هەروەها دانانی ئەم پرسە لەپلانی بەرنامەکانی داهاتوویان لە ئاستێکی باڵاتر و جێگەی بایەخپێدانی زیاتردا.

**2- 3: پرسیارەکانی توێژینەوەکە:**

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لەم پرسیارە سەرەکیەی خوارەوەدا: ئایا ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) چی بووە سەبارەت بە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان دەربارەی کێشەکانی ئاو لە شاری سلێمانیدا؟

لەناوەرۆکی ئەم پرسیارەسەرەکیەشداچەند پرسیارێکی لاوەکی دروست دەبێت، هەروەک توێژەر لە کێشەی توێژینەوەکەدا خستویەتیەڕوو.

**2- 4: ئامانجەکانی توێژینەوەکە :**

-توێژینەوەکە هەوڵ دەدات بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە سەرەکیانەی خوارەوە :

1- دەرخستنی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لە پێدانی هۆشیاری بە هاوڵاتیان سەبارەت بە زانینی بایەخ و پێگەی ستراتیجی سامانی نیشتمانی ئاو لەجیهان و ناوچەکەو هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانیدا.

٢- زانینی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی( Kurd sat) لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت بە پاراستن و پاك ڕاگرتنی سەرچاوەکانی ئاوی شاری سلێمانی.

٣- دەرخستنی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لەهاندانی هاوڵاتیان بۆ بەفیڕۆنەدانی ئاو و بەکارهێنانی ئاو بەگوێرەی پێویست.

٤- زانینی ئاستی سوودبینینی هاوڵاتیان لە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە سیستەمی دابەشکردنی ئاو لەشاری سلێمانیدا.

**5-2: گریمانەی توێژینەوە** :

١- پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لە نێوان وەڵامدانەوەی بەرتوێژان بۆ هەر (٤) ( گۆڕاوەکانی ئامانجەکانی توێژتنەوە)، لەگەڵ :( ڕەگەز) ی بەرتوێژانی توێژینەوەدا.

٢- پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لە نێوان وەڵامدانەوەی بەرتوێژان بۆ هەر (٤) (گۆڕاوەکانی ئامانجەکانی توێژتنەوە)، لەگەڵ :( ئاستی تەمەن) ی بەرتوێژانی توێژینەوەدا.

٣- پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لەنێوان وەڵامدانەوەی بەرتوێژان بۆهەر(٤) (گۆڕاوەکانی ئامانجەکانی توێژتنەوە)، لەگەڵ :( بروانامەو ئاستی خوێندن) ی بەرتوێژانی توێژینەوەدا.

**6-2 : میتود (منهج) ی توێژینەوەکە:**

ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لەڕووی میتۆدییەوە توێژەر پشتی بە میتۆدی (پەسنی-وەصفی) بەستووە، هاوکات لە میتۆدی پەسنیدا، کەمیتۆدێکی تایبەتە لەبواری توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، پەیڕەوی ڕێبازی ڕوپێوی (مەسحی) کراوەو لەژێر سایەی ئەم ڕێبازەدا توێژینەوەکە ئەنجام دراوە.

**7-2: ئامراز وشێوازی کۆکردنەوەی زانیاری:**

ئامرازوشێوازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە (فۆڕمی ڕاپرسی) بۆ دەستخستنی ڕای جەماوەری مشتەی توێژینەوەکە، هاوکات (سەرچاوە سەرەکی و لاوەکیەکان) بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی چەمکەکانی ناونیشان و باسکردنی لایەنی تیۆری توێژینەوەکە.

**8-2 : کۆمەڵ و مشتەی توێژینەوەکە:**

- کۆمەڵگای توێژینەوەکە: خۆی دەبینێتەوە لە (هاوڵاتیانی شاری سلێمانی ) .

- مشتەی توێژینەوەکە : بریتیە لە (٣٨٤) ( سێ سەدو هەشتاوچوار ) هاوڵاتی شاری سلێمانی لە (کاسب، خوێندکار، مامۆستا، فەرمانبەر، بێکار) ، بەڵام دوای هەوڵدانی توێژەر بۆ دابەشکردنی ئەو ڕێژەیە لە فۆڕمی ڕاپرسی تەنها (٣٥٠) (سێ سەدو پەنجا) فۆڕم بۆ توێژەر گەڕاوەتەوە و( ٣٤) فۆڕمەکەی تر لە خانەی (پووچەڵ- تلف) دا خۆیان دەبینەوە، لە کۆتاییدا توێژەر کاری لەسەر وەڵامی فۆڕمی ڕاپرسی (٣٥٠) هاوڵاتی شاری سلێمانی لە (کاسب، خوێندکار، مامۆستا، فەرمانبەر، بێکار) کردووە، کە لەمیانەی سامپڵێکی ( ناهەڕەمەکی ) لە جۆری ( مەبەستدار) دا پۆلینکراوە .

بۆ دەستنیشانکردنی قەبارەی سامپڵی توێژینەوەکە لەچوارچێوەی کۆمەڵگای توێژینەوە کەدا توێژەر پشتی بەستووە بەخشتەی (**كريجسي -Krejcie و مورجان Morgan-**) وەک بنەمایەکی سەرەکی بۆ هەڵبژاردنی قەبارەی سامپڵی توێژینەوە لە کۆمەڵگای بەرفراواندا، لەو ڕوانگەوە ( ٣٨٤) هاوڵاتی وەک مشتەی توێژینەوەکە دیاریکردووە، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر لەوە بارەوە توێژەر خشتەی ناوبراوی لەخوارەوە خستۆتەڕوو . , JOHNSON AND CHRISTENSEN 2014 ) p.367) .

**خشتەی**

(كريجسي -Krejcie و مورجان-Morgan )

| N | n | N | n | N | n | N | n | N | n |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 10 | 10 | 110 | 86 | 300 | 169 | 950 | 274 | 4,500 | 354 |
| 15 | 14 | 120 | 92 | 320 | 175 | 1,000 | 278 | 5,000 | 357 |
| 20 | 19 | 130 | 97 | 340 | 181 | 1,100 | 285 | 6,000 | 361 |
| 25 | 24 | 140 | 103 | 360 | 186 | 1,200 | 291 | 7,000 | 364 |
| 30 | 28 | 150 | 108 | 380 | 191 | 1,300 | 297 | 8,000 | 367 |
| 35 | 32 | 160 | 113 | 400 | 196 | 1,400 | 302 | 9,000 | 368 |
| 40 | 36 | 170 | 118 | 420 | 201 | 1,500 | 306 | 10,000 | 370 |
| 45 | 40 | 180 | 123 | 440 | 205 | 1,600 | 310 | 15,000 | 375 |
| 50 | 44 | 190 | 127 | 460 | 210 | 1,700 | 313 | 20,000 | 377 |
| 55 | 48 | 200 | 132 | 480 | 214 | 1,800 | 317 | 30,000 | 379 |
| 60 | 52 | 210 | 136 | 500 | 217 | 1,900 | 320 | 40,000 | 380 |
| 65 | 56 | 220 | 140 | 550 | 226 | 2,000 | 322 | 50,000 | 381 |
| 70 | 59 | 230 | 144 | 600 | 234 | 2,200 | 327 | 75,000 | 382 |
| 75 | 63 | 240 | 148 | 650 | 242 | 2,400 | 331 | 100,000 | 384 |
| 80 | 66 | 250 | 152 | 700 | 248 | 2,600 | 335 | 250,000 | 384 |
| 85 | 70 | 260 | 155 | 750 | 254 | 2,800 | 338 | 500,000 | 384 |
| 90 | 73 | 270 | 159 | 800 | 260 | 3,000 | 341 | 1,000,000 | 384 |
| 95 | 76 | 280 | 162 | 850 | 265 | 3,500 | 346 | 10,000,000 | 384 |
| 100 | 80 | 290 | 165 | 900 | 269 | 4,000 | 351 | 500,000,000 | 384 |

بە گوێرەی خشتەی ژمارە (1) ی خوارەوە قەبارەی ئەو چین و توێژانەی وەك مشتەی توێژینەوەکە وەرگیراون ڕوون کراوەتەوە، لەو ڕوانگەوە بەخستنەڕووی خشتەی پیشە یی بەشداربوانی ڕاپرسیەکە دەردەکەوێت کە لە کۆی (350) سێ سەدو پەنجا بەشداربوی ڕاپرسیەکە (91 ) کەسیان پیشەی کاسبیان هەیە کە ڕێژەی (26 %) ی بەشداربوانی توێژینەوەکە پێك دەهێنێت، هەروەها (119) بەشداربویان خوێندکارن کە ڕێژەی( 34% ) ی بەشداربوان دەگرێتەخۆ.

لەکاتێکدا (49 ) لەبەشداربوانیش مامۆستان بەڕێژەی (14%) ، هەروەها( 77) بەشداربووش فەرمانبەرن کەڕێژەی (22%) ی بەشداربوانی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت ، هاوکات (14) لەبەشداربوانیش لە ئێستادا بێکارن، کە دەکاتە ڕێژەی (4%). بەم شێوەیە نیشاندەدرێت کە زۆرترینی ئەوانەی بەشدارن لە ڕووی پیشەوە خوێندکارن و بە پلەی دووەمیش کاسبن.

**خشتەی ( 1)**

**مشتە (عەینە) ی توێژینەوەکە لەڕووی پیشەوە:**

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کاسب | 91 | %26 |
| خوێندکار | 119 | %34 |
| مامۆستا | 49 | %14 |
| فەرمانبەر | 77 | %22 |
| بێکار | 14 | %4 |
| هەمووی | 350 | %100 |

بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتری مشتەی توێژینەوەکە توێژەر بە پێویستی زانی ئاماژە بکات بە هەریەکە لە:

**أ- هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم مشتەیە:**

1- دەربارەی هۆکاری هەڵبژاردنی مشتەی جەماوەری گشتی شاری سلێمانی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە سنوری شاری سلێمانی بۆ توێژەر (وەك شوێن) بۆ دابەشکردنی فۆڕمی ڕاپرسی ئاسانتربوو، هاوکات وەك هەڵبژاردنی جۆری جەماوەریش توێژەر پێی وابوو کە(جەماوەری گشتی) شاری سلێمانیی لە(کاسب،خوێندکار،مامۆستا،فەرمانبەر، بێکار)، بەجیاوازی ئاستی خوێندن وپیشەو چین وتوێژە کۆمەڵایەتیەکانیەوە باشتر توانستی هەڵسەنگاندنی بێلایەنانەو بابەتیانەی ڕۆڵی (دامەزراوە ی میدیایی کوردسات) یان هەیەلەپێدانی هۆشیاری بەهاوڵاتیان سەبارەت بەکێشەکانی ئاو لە شاری سلێمانیدا، چونکە بابەتی ئاو پرسێکی گشتی یەو پەیوەستە بە هەموانەوە.

2- سەبارەت بەهۆکاری هەڵبژاردنی (دامەزراوەی میدیایی Kurd sat) ، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە ڕووماڵ وپەخش وتایبەتمەندی بەرنامەکانی سەرچەم ئامرازە میدیاییەکانی دامەزراوەکە ( کەناڵی تەلەفیزیۆنی ، کەناڵی ڕادیۆیی، سایتی ئەلیکترۆنی ، سۆشیال میدیا ) وەك هەندێك لە دامەزراوە میدیاییەکانی تری هەرێمی کوردستان- تایبەت نیە بە لایەنێکی تایبەتمەندی میدیایی وزۆرینەیان زیاتر کەناڵی کلتوری گشتین، وەك لە دروشمی (کەناڵی ئاسمانی Kurd sat) - وەك یەکێك لە کەناڵەکانی دامەزراوەکە - داهاتووە ( کوردسات ماڵی هەمووانە) ، لەو ڕوانگەوە سەرجەم ئامرازە میدیاییەکانی دامەزراوەکە کەم تا زۆر بایەخ بە گواستنەوەی کێشەو گرفتەکانی خەڵك و ژینگەو ئاو و گەشتیاری و کشتوکاڵی ئەدەن لە تەواوی کوردستاندا، هەروەها بەرنامەکانیان بەهەردوو شێوەزاری کرمانجی ژووروو و کرمانجی ناوەڕاست پەخش دەکەن.

3- بەراورد بە دامەزراوە میدیاییەکانی تری هەرێمی کوردستان دەرفەتی دەستگەیشتن بە (دامەزراوەی میدیایی Kurd sat) بۆ توێژەر زیاترو ئاسانتربوو، بەتایبەت کە نوسینگەی سەرەکی دامەزراوەکە لە شاری سلێمانیدایە.

**ب- جۆری مشتە ی توێژینەوەکە:**

سەبارەت بە جۆری (مشتە_ **عینة**)، مشتەی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لەجۆری مشتەی (ناهەڕەمەکی مەبەستدار) .

**9-2: سنووری توێژینەوەکە: سنوری ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لەم سێ بوارەی خوارەوەدا :**

أ_ بواری مرۆیی : بواری مرۆیی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لە بەشێك لەجەماوەری سنوری شاری سلێمانیدا .

ب_ بواری شوێنی : بواری شوێنی توێژینەوە بریتیە لەشاری سلێمانی، ئەمەش لەو گۆشەنیگایەوە، کە مشتەی توێژینەوەکە هاووڵاتیانی سنوری شاری سلێمانی یە، هاوکات نوسینگەی سەرەکی (دامەزراوەی میدیایی Kurd sat) دەکەوێتەئەم شارەوە.

ج _ بواری کاتی : بواری کاتی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لەماوەی ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، کە لەماوەی نێوان ( 1 / 7 /2022) تاکو ( 1/ 10 /2022) ئەنجامدراوە.

**10-2 : ڕاستی ڕواڵەتی :**

بەمەبەستی دڵنیابوونی زیاتر لە پرسیارەکانی ناوەڕۆکی فۆرمەکە لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتی و ڕیزبەندیەوە، هەروەها بۆ دەرخستنی دروستی و ئاستی (فۆڕمی ڕاپرسی) یەکە توێژەر فۆرمەکەی خستە بەردەستی ژمارەیەك لە پسپۆڕان و شارەزایانی پسپۆڕیی ڕاگەیاندن، دوای هەڵسەنگاندنی فۆڕمەکە لە لایەن ئەو شارەزاو پسپۆڕانەوە توێژەر ڕاو تێبینیەکانیانی بەبایەخەوە بینی و لەڕاستکردنەوەی فۆڕمەکەدا جێبەجێکردن، لەو ڕووەوە گۆرانکاری لە هەندێ بڕگەدا کراو چەند پرسیارێکی پێویستیش بۆ فۆڕمەکە زیادکران،تائەو ئاستەی کە توێژەر فۆرمەکەی لەڕووی زانستیەوە بەشیاو زانی وهەڵسا بەدابەشکردنی فۆڕمەکە بەسەر مشتەی توێژینەوەکەدا.

لیژنەی پسپۆڕانی هەڵسەنگێنەرانی (فۆڕمی ڕاپرسی ) ی توێژینەوەکە، بریتی بوون لە بەڕێزان:

ا- د. سەلام نەسرەدین محەمەد ، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی سلێمانی.

ب - د. عمر احمد رمضان ، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی سلێمانی .

ج- د. فؤاد علي أحمد، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی سلێمانی

د- د. کاروان محمد حسن، پرۆفیسۆری یاریدەدەر، بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی سلێمانی.

ها- م.کاروان عبداللە محمد، مامۆستا،بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی سلێمانی.

لەم گۆرانکاریەدا لەکۆی 14( بەند) و54 (برگە)، 48 (برگەی گونجاو) لەسەر فۆڕمەکە جێگیر کرا و بەپێی ئەم یاسای ( هۆلستی بیرسۆن ) ڕێژەی ڕاستی فۆڕمەکە بە (88.9% ) دیاریکرا، کە ئەم ڕێژەیەش لە ڕووی زانستیەوە بۆ ڕاستی ڕواڵەتی فۆڕمی ڕاپرسی بەرێژەیەکی گونجاو و پەسەند دادەنرێت ، وەك لەم هاوکێشەیەی خوارەوەدا ڕاستی ڕواڵەتی لە میانەی پراکتیزەکردنی یاساکەدا ڕوونکراوەتەوە:

$$\text{ڕاستی} = \frac{\text{برگە گونجاوەکان}}{\text{کۆی برگەکان}} * 100$$

$$\text{ڕاستی} = \frac{48}{54} * 100 = 88.9$$

**11-2: جێگیری :**

جێگیری هەنگاوێکی گرنگی توێژینەوەی زانستیەو دڵنیابوونە لەچەسپاوی وەڵامی مشتەی توێژینەوەکە لەمیانەی وەڵامدانەوەی فۆڕمی ڕاپرسیدا، لەم ڕوانگەوە توێژەر بۆ دەرهێنانی جێگیری ئەم توێژینەوە مەیدانیە پەنای بۆ ( یاسای سپێرمان ) بردو پرۆسەی جێبەجێکردنی جێگیریەکەش لەمیانەی دووبارە دابەشکردنەوەی ڕێژەی (٢٠% ) ی فۆرمی ڕاپرسی لە ڕێژەی فۆڕمی دابەشکراوی پێشوو ئەنجامدرا، لەوڕوانگەوە کەلەجاری پێشوودا (350) فۆڕم دابەشکراوەو پرۆسەی دابەشکردنی دووەم جاریش تەنها (70) فورمی لەخۆگرت و بەسەر هەمان مشتە(عەینە) ی توێژینەوەکەدا دووبارە دابەشکرایەوە، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی کۆدی ژمارەیی بۆ ئەو ڕێژەیە لە فۆڕمەکان لەپێشتردا، دوای وەرگرتنەوەی وەڵامی پرۆسەی دابەشکردنی دووەمجار، توێژەر بەهۆی بەکارهێنانی (یاسای سپێرمان)ەوە بەراوردو پێوانەی جیاوازی نێوان وەڵامەکانی هەردوو جاری دابەشکردنەکەی کردو لە کۆتاییدا ئەنجامی جێگریەکە کردیە ( 88 %) ، ئەم ڕێژە یەش بۆ پەسەندکردنی ئەنجامی فۆڕمی ڕاپرسی دابەشکراو بەسەرمشتەی توێژینەوە کەدا، بەئاستێکی زانستی گونجاو دادەنرێت،ڕێکاری ئاماری دەستخستنی ئەنجامی جێگیریەکەش بەم شێوەیەی خوارەوە ئەنجامدراوە:

R پەیوەندی سپێرمان = ١ - (٦ *کۆی ف٢) / (N* (N²-1))

R= ١- (٧،٢٠٠*٦) / (٧٠ * (٧٠ ² - ١))

R = ١- (٤٣،٢٠٠) / (٧٠* ٤٨٩٩)

R= ١ - (٤٣٢٠٠) / (٣٤٢،٩٣٠)

R= ١- ٠,١٢

R = ٠,٨٨

**12-2 : چارەسەرە ئامارییەکان :**

چارەسەری ئاماری ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لە دەرکردنی ڕێژەی سەدی و دووبارەکان و ناوەندی ژمێرەیی ولادانی پێوانەیی، هەروەها دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکان، ئەمەش لە پێناوی دەستخستنی زانیاري وردو ئەنجامی ئاماری دروستدا.

## دووەم
## پێناسەی چەمك و زاراوەكان وتوێژینەوەكانی پێشوو

**١- پێناسەی چەمک و زاراوەکان:**

**- پێناسەی ڕۆڵ :**

لە دیدی توێژەرەوە ڕۆڵ ئەو هەژمون و بەشداریە کارا وهاوبەشە پۆزەتیف یان نێگەتیڤانەیە کە (دامەزراوەی میدیایی Kurd sat) دەیبینێت سەبارەت بە هۆشیار کردنەوەی هاولاتیان دەربارەی پرسی ئاو و دەرخستنی کێشەکانی ئاو لە شاری سلێمانیدا.

**- پێناسەی (دامەزراوەی میدیایی کوردی) :**

لە دیدی توێژەرەوە دامەزراوەی میدیایی بریتیە لە: چوارچێوەیەکی کارگێری کە چەند ئامرازێکی ڕاگەیاندنی جیاواز لەخۆدەگریت وەك: ڕۆژنامەی چاپکراو، گۆڤاری چاپکراو، کەناڵی تەلەفیزیۆنی گشتی، کەناڵی تەلەفیزیۆنی هەواڵی، کەناڵی ڕادیۆیی، پێگەی ئەلیکترۆنی، تۆڕی کۆمەلایەتی لە سۆشیال میدیا ) بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی ڕاگەیاندن و پەخشکردنیان بۆجەماوەر کە ئۆفیسی سەرەکیان دەکەوێتە سنوری هەرێمی کوردستانی عێراقەوەو لەم توێژینەوەیەدا خۆی دەبینێتەوە لە (دامەزراوەی میدیایی Kurdsat) کە ئۆفیسی سەرەکی لەشاری سلێمانیدایە.

**- پێناسەی هۆشیاری میدیایی:**

مەبەستی توێژەر لە چەمکی هۆشیاری میدیایی بریتی یە لەوەی کەیەکێك لە ئەرکە سەرەکیەکانی دامەزراوە میدیاییەکان هۆشیاری بەخشینە بەبینەرانیان، کە خۆی دەبینێتەوە لە هۆشیاری گشتی ، لەم توێژینەوەیەشدا مەبەست لێی هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستانە لەلایەن ( دامەزراوەی میدیایی Kurd sat ) ەوە سەبارەت بە کێشەکانی ئاو لە شاری سلێمانیدا .

**- پێناسەی هاوڵاتی:**

هاوڵاتی: مەبەستی توێژەر لە چەمکی هاوڵاتی هاونیشتمانیانی دانیشتووی شاری سلێمانی یە کەکۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێك ئەهێنن، مشتەیەك لەم کۆمەڵگەیەش ڕۆڵی ( دامەزراوەی میدیایی Kurd sat) دیاری ئەکەن لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت بە کێشەکانی ئاو لە شاری سلێمانیدا ، ئەم هاوڵاتیانەش پێك هاتوون لە جەماوەرێکی گشتی لە تەمەن و ئاستی خوێندەواری و چین و توێژی جیاوازدا.

**- پێناسەی کێشەکانی ئاو:**

مەبەستی توێژەر لەبەکارهێنانی چەمکی کێشەکانی ئاو، سەرجەم ئەو کێشە هونەری و کارگێری و تەندروستی و ژینگەیی و کلتورییانەیە کەلەبواری ئاودا دروست دەبن، ناوەرۆکی ئەم کێشانە خۆیان ئەبینەوە لە گواستنەوەو کۆکردنەوەو دابەشکردنی ئاوی پاکی خواردنەوەو بەکارهێنانی بۆ پێویستیە تایبەتی و گشتیەکان لە لایەن هاوڵاتیانەوە هاوکات دەبنە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی گەیشتنی ئاوی پاك و تەندروست بە هاوڵاتیانی شاری سلێمانی بەشێوەیەکی ئاسایی، کە لەڕوی کارگێڕییەوە چارەسەرکردنیان پەیوەندیدارە بە بەڕێوەبەرێتی گشتی ئاوی سلێمانیەوە.

**- پێناسەی (دامەزراوەی میدیایی Kurd sat) :**

لە دیدی توێژەرەوە (دامەزراوەی میدیایی Kurd sat) دامەزراوەیەکی میدیاییی سیاسی، کلتوری، هەواڵی، گشتیی، کوردی یە لەهەرێمی کوردستان، دەستپێکی ئەم

دامەزراوە میدیاییە دەگەڕێتەوە بۆکەناڵی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی (کوردسات)کە لەبەرواری (1- 1-2000) دا وەك دووەمین کەناڵی ئاسمانی کوردی لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان لە لایەن خاتو (هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد) ەوە لە شاری سلێمانی دامەزرێنرا، کەناڵەکە زیاتر وەك کەناڵێکی کلتوری خۆی ناساندووە، دواتر لەبەرواری ( 5- 3 - 2014) لەکەناڵێکەوە گەشەی پێدراوە بۆ (دامەزراوەی میدیایی کوردسات)، ئەم دامەزراوەیە کەنوسینگەی سەرەکی لەشاری سلێمانیە، جگە لەکەناڵی تەلەفیزیۆنی ئاسمانی (کوردسات) هەریەکە لە (کەناڵی تەلەفیزیۆنی کوردسات نیوز ) و( ڕادیۆی کوردسات) و (دیجیتاڵ میدیای کوردسات) لەخۆدەگرێت، هەرچی تایبەتە بە (دیجیتاڵ میدیای کوردسات) یش هەریەکەلە (ماڵپەری فەرمی کوردسات) و(ماڵپەری کوردبین) بۆ بەر هەمە ڤیدیۆیەکان و(تۆڕەکۆمەڵایەتیەکانی کوردسات لە یوتوب،فەیسبوك،ئینستیگرام، تویتەر) دەگرێتەوە، لەچوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەشدا ئەم دامەزراوە میدیاییە وەك مشتە (عینە)ی توێژینەوەکە وەرگیراوە سەبارەت بەڕۆڵی لە هۆشیا کردنەوەی هاولاتیان دەربارەی کێشەکانی ئاوله شاری سلێمانیدا. (اسعد، ٢٠١٢،ل٩٨)، هەروەها (محمد ،٢٠١٧، ل٦٣) .

## ٢- توێژینەوەکانی پێشوو:

بەمەبەستی سوودبینینی زیاتر توێژەر چەند توێژینە وەیەکی پەیوەندیداری بە ناونیشانی توێژینەکەوە خستۆتەڕوو، بەم شێوەیەی خوارەوە:

### یەکەم- توێژینەوەی ( لولو، ٢٠١٩) :

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (المعالجة الإعلامية لقضايا البيئة في التلفزيون الجزائري- دراسة تحليلية لحصة" البيئة والمجتمع".بوو، کە لە جەزائیر ئەنجامدراوەو میتۆدی ڕووپێوی بەکارهێناوەو ڕێبازی شیکاری ناوەڕۆکی لەو میتۆدەدا پیادە کردووە، بەسامپڵێکی مەبەستدارانە سەرجەم ئەڵقەکانی بەرنامەی (البيئة والمجتمع) ی لەساڵی (٢٠١٠) دا وەرگرتووە کە ژمارەیان (١٩) بەرنامەیە، کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە بریتیە لەوەی کە تەلەڤیزیۆنی جەزائیری لەمیانەی بەرنامەی تایبەتمەندی (ژینگەو کۆمەڵگا) دا چۆن چارەسەرسازی بۆ دۆزە ژینگەییەکان کردووە؟

لە گرنگترین گریمانەکانی توێژینەوەکە: تەلەڤیزیۆنی جەزائیری( پشتی بەستووە بە شێوازی بەشداری پێنەکردنی ئەوانی دی لە چارەسەرسازی دۆزە ژینگەییەکاندا)، هەروەها ( ڕۆڵێکی هۆشیاری بەخشانەی بینیوە لە بواری ژینگەییدا) .

لە گرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکەش: زانینی چۆنیەتی چارەسەرسازی دۆزەکانی ژینگەیە لە تەلەڤیزیۆنی جەزائیریدا لە ڕوانگەی شێوەوناوەڕۆک وهەروەها پێشنیارە جێگرەوەو چارەسەرسازیەکاندا، هەروەها زانینی ئاستی بەشداری تەلە ڤیزیۆ نەکە لەبڵاوکردنەوەی(مەعریفە) و(هۆشیاری) ژینگەیی لای جەماوەرو بەرپرسان وخاوەن بڕیارانی ژینگەیی لەلایەک و هەروەها سروشتی ئەو دۆزە ژینگەییانەی کە بەرنامەکە بەشێوەی شیکاروچارەسەرسازی خستونیەتەڕوو لەلایەکی ترەوە.

توێژینەوەکە لە کۆتاییدا بە چەند دەرئەنجامێک گەیشتووە، گرنگترینیان بریتین لە :

لەڕوانگەی شێوەوە :ناوەڕۆکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی جەزائیری زیاتر بابەتی وتراووی لە خۆ گرتووە و بەزمانی عەرەبی ڕێزمانی پێشکەشکراون.

لەڕووی ناوەڕۆکەوە: تەلەڤیزیۆنی جەزائیری شێوازی بەشدارپێکردنی گشتی بەکارهێناوەو بۆچارەسەرسازی ژینگەیی پشتی بەکەسایەتیە فەرمیە حکومیەکان بەستووەو بەشدارپێکردنی ڕێکخراوە ژینگەییەکان تیایدا لاوازە، هەروەها زیاتر تیشکی خستۆتە سەر پیسبوون و تێکچونی ژینگەیی ئەو گرفتانەی کە بەهۆیەوە ڕووبەڕووی تەندروستی مرۆڤ دەبنەوە.

هاوکات لە پەیامەکاندا ڕاڤەکردن لاوازەو زیاتر شێوەیەکی هەواڵی لە خۆگرتووە، هەروەها بایەخی بە بەهای ژینگەپارێزی و بونیادنانی هۆشیاری ژینگەیی داوە .

### دووەم: توێژینەوەی (ابراهیم ،٢٠١٥) :

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی:( اهتمام الإعلام العربي بالقضايا البيئية - الصحف العربية بين واقع المشكلة وتطبيق الحلول) بوو.

کێشەی توێژینەوەکە لەچەند پرسیارێکدا داڕێژراوەو ناوەڕۆکەکەی لە: زانینی بایەخپێدانی ڕاگەیاندنی عەرەبیدا بە کاتی تەرخانکراوی ژینگە، سەرچاوەی زانیاریە ژینگەییەکان، ئاستی ڕۆشنبیری ژینگەیی بەرانبەر بەکێشە ژینگەییەکان، ڕێگا کانی پێشکەشکردنی بابەتە ژینگەییەکان، ڕۆڵی پسپۆڕانی ژینگەیی لەپێشکەشکردنی بابەتە ژینگەییەکاندا) خراوەتەڕوو.

توێژینەوەکە گرنگترین ئامانجەکانی پۆلین کردووە لە : دەرخستنی پەیوەندی چەمکە ژینگەییەکان و شێوازی مامەڵەی میدیایی لەگەڵیاندا، دیاریکردنی ئاڕاستەکانی گرنگپێدان وجەختکردنەوە لەسەر بابەت وتەوەرە ژینگەییەکان، دیاریکردنی بنەما ڕۆژنامەوانیەکانی ڕوماڵی ژینگەیی)، هاوکات توێژینەوەکە لەژێرسایەی میتۆدی وەسفی و ڕێبازی شیکاری ناوەڕۆکدا ئەنجام دراوەوهەریەکە لە( تێبینیکردن، فۆڕمی شیکاری، بەڵگەنامەیی) وەک ئامڕازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێناوە و سامپڵی توێژینەوەکە بریتی بووە لە ( ڕۆژنامەی ئەهرامی ڕۆژانەی میسری) و سەرجەم ژمارەکانی ساڵی (٢٠١٠) ی ڕۆژنامەکەی وەرگرتووە کە ( ١٠٢٨) بابەتی ژینگەییە.

لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێی گەیشتووە بریتین لە: پسپۆڕانی ژینگەیی بەشداری کارایان هەبووە لە ڕۆژنامەکەدا، ئاڕاستەی بابەتە ژینگەییەکان زیاتر چوارچێوەی ڕاگەیاندن وهەواڵی بەخۆوە بینیوە، ژانەری هەواڵی ژینگەیی زۆرترین دووبارەبونەوەی هەبووە لەناو ژانەرە میدیاییەکانی تردا، زۆرترین بایەخی ڕۆژنامەکە بۆ پیسبوونی ژینگەیی بووە، لەمیانەی ڕوونکردنەوەی بابەتە ژینگەییەکاندا وێنەی ڕون کردنەوەیی بە ئاستێکی زۆر بەکارهاتووە.

### سێیەم: توێژینەوەی (حەسەن، عومەر،عەبدوڵا،٢٠١٥) :

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی:(ڕۆڵی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لەگەشەپێدانی بەرپرسێتی ژینگەیی لەهەرێمی کوردستاندا)بوو،ناوەڕۆکی کێشەی توێژینەوەکەش واوێناکراوە : ( ئاڵۆزی وناڕوونی تێکڕای ئەوچالاکیانەیە کە پێویستە کۆی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لەکردەکانی ناساندن وپەرەپێدانی بەرپرسێتی ژینگەیی هەرێمی کوردستاندا بیگرنە ئەستۆو بەرجەستەی بکەن).

لەڕووی میتۆدیەوە توێژینەوەیەکی( وەسفی) یەو پشتی بەڕێکاری ڕووماڵکاری (مسحی) بەستووەو کۆمەڵی توێژینەوەکە هەڵسوڕاوانی ژینگەیی هەرێمی کوردستانن لەچوارچێوەی ڕێکخراوە ژینگەییەکاندا، لەوکۆمەڵگایەشدا بەشێوەیەکی (مەبە ستدار- قصدی) مشتەیەکی لە هەڵسوڕاوانی ژینگەیی شاری سلێمانی هەڵبژاردووە،سنوری توێژینەوەکە لە بواری شوێنەوە بە (شاری سلێمانی) و لەڕووی کاتیشەوە بە (دەیەی نێوان٢٠٠٣-٢٠١٣) وهەروەها لەلایەنی مرۆیشەوە بەهەڵسوڕاوانی ژینگەیی ڕێکخرا وە ژینگەییەکانی شاری سلێمانی، دیاریکراوە، توێژینەوەکە هەوڵی هێنانەدی ئەم ئامانجانەی داوە:

١- دڵنیابوون لەبایەخدانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان بە بەهاو کاریگەرێتیەکانی ژینگەوپێکهاتەکانی،سەرەڕای کاریگەرێتیەکانی لەسەر ژیانی کوردەواری.

٢- گەیشتن بە ئاستی هەوڵدانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان لە ڕاڤەکاری وشیکاری ڕەهەندو ماناکانی چەمکی ژینگەداو ناساندنی بەهاو پێکهاتەکانی بە تاکی کوردو تێگەیاندنیان وقایلکردنیان پێی.

٣- گەیشتن بە ئاستی هاندانی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ بەشداریکردنێکی ڕاستەوخۆ وکارایانە لە پرۆسەکانی پاراستنی ژینگەداو پەیوەستکردنیان پێیەوە.

لەکۆتاییدا توێژینەوەکە بەچەند ئەنجامێک گەیشتووە، گرنگترین ئەو ئەنجامانە بریتین لە:

١- فەرامۆشکردن وتارپۆشکردنی بەرچاوی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان و گرنگی پەیوەندیە زیندوەکانی ژینگەی هەرێم بە بوارەکانی (تەندروستی گشتی، نیشتیماندۆستیی وژینگەودۆستیی، پرۆسەکانی بیرکردنەوەو هۆشیاری، ئاستی بژێوی گشتی، ئاستی بژاوتی گەشتیاریی، ئاستی ئارامی دەروونی ) تاکەکانی گەلی کوردستانەوە.

٢- فەرامۆشکردنی بەرچاوی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان بۆ ڕاڤەکردن وشیکردنەوەی چەمکی ژینگەو داچۆڕەکانی بۆ تاک ولایەنەکانی هەرێم، لە ڕووی (ماناو ڕەهەندە مەعریفیەکانی، لایەنە نادیارو ئاڵۆزەکانی، کاریگەرێتیە هەمەجۆرەکانی) ژینگەوە.

٣- شکستهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی هەرێمی کوردستان لەڕوونکردنەوەی ڕۆڵی تاک ولایەنەکانی هەرێم لە باڵاپێکردن وگەشەپێدان وپاراستنی ژینگەداو قایلکردنیان بەو ئەرکانە.

**چوارەم: توێژینەوەی (بدوی، محمد، غیور، علی ،2017) :**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی ( فعالية بعض الأنشطة الإعلامية في تنمية الوعي المائي لدى تلاميذ المرحلة الإعدادية) بوو، کە لە وولاتی (مصر ) ئەنجامدراوە، کێشەی سەرەکی توێژینەوەکە خۆی دەبینێتەوە لەوەڵامدانەوەی پرسیاری: ئایا کارایی هەندێک چالاکی میدیایی چۆنە لە گەشەپێدانی هۆشیاری ئاودا لای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی؟

لەگرنگترین ئامانجەکانی توێژینەوەکەش بریتیە لە:

١- جێبەجێکردنی چالاکی ڕۆژنامەوانی هەڵبژێردراو کە ئامانجی گەشەپێدانی هۆشیاری ئاوی بهێنێتەدی.

٢- پێوانەکردنی کارایی هەندێک چالاکی میدیایی لە گەشەپێدانی چەمکەکانی تایبەت بە ئاودا کە پێوستە لای قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی گەشەیان پێ بدرێت.

٣- پێوانەکردنی ڕۆڵی هەندێک چالاکی ڕۆژنامەوانی لە گەشەپێدانی لایەنی مەعریفی هۆشیاری ئاویدا لای قوتابیانی قۆ ناغی ئامادەیی .

توێژینەوەکە میتۆدی ئەزمونی بۆئەنجامدانی ئەزمونی توێژینەوەو تاقیکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوە بەکارهێناوەو سامپڵی توێژینەوەکە بریتیە لە (٦٠) قوتابی قۆناغی دووەمی ئامادەیی، بۆ هەریەکە لە تاقیکردنەوەی( ئەزمونی و نائەزمونی) (٣٠) قوتابی وەرگرتووە. سنوری توێژینەوەکەش لەڕووی مرۆییەوە خوێندکارانی قۆناغی دووەمە لەدوو ئامادەییدا،هەروەها لەڕووی کاتەوە وەرزی یەکەمی ساڵی خوێندنی (٢٠١٦-٢٠١٧) ە ، هاوکات ئامرازی توێژینەوە کە بریتیەلە: تاقیکردنەوەی پێکهاتەی مەعریفی هۆشیاری ئاویی کە توێژەران ئامادەیان کردووە، هەروەها پێوەری هۆشیاری ئاویی (تاقیکردنەوەی هەڵویستەکان) کە توێژەران ئامادەیان کردووە، هاوکات لە گرنگترین گریمانەکانی توێژینەوەکەش بریتین لە:

١-ج یاوازی ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندنی نمرەی قوتابیان لەنێوان هەردوو گروپی سامپڵەکەدا .

٢- جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندنی نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزمونی لە پراکتیزەکردنی پێشترو دواییدا .

٣- جیاوازی ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندنی نمرەی قوتابیان لەنێوان هەردوو گروپی سامپڵەکەدا لە پراکتیزەکردنی دواتردا بۆ پێوانەکردنی هۆشیاری ئاویی .

لە کۆتاییدا توێژینەوەکە بە چەند دەرئەنجامێک گەیشتووە کە گرنگترینیان بریتین لە :

١- جیاوازی ئاماری هەیە بە ئاستی (٠,١) لە نێوان ناوەندنی نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپەکەدا لە پراکتیزەکردنی کۆتا ییدا، هەروەها لە پراکتیزەکردنی کۆتایی بۆ پێوانەکردنی هۆشیاری ئاویی لە بەرژەوەندی قوتابیانی گروپی ئەزمونیدا.

٢- جیاوازی ئاماری هەیە بە ئاستی(٠,١) لەنێوان ناوەندنی نمرەی قوتابیانی گروپی ئەزمونیدا لەپراکتیزەکردنی پیشترو کۆتاییدا،هەروەها لەنێوان پراکتیزەکردنی پێشترو کۆتا ییدا بۆپێوانەکردنی هۆشیاری ئاوی لە بەرژەوەندی قوتابیانی پراکتیزە کردنی کۆتاییدا.

**پێنجەم- پەیوەندی توێژینەوەکانی پێشوو بەم توێژینەوەوە:**

لە بنەڕەتدا بەکارهێنانی توێژینەوەکانی پێشوو چەند ئامانجێکی هەیە لەوانە: خستنەڕووی ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژەرانی پێشوو پێی گەیشتوون، بەهێزترکردنی ناوەرۆکی توێژینەوە نوێیەکە، دۆزینەوەی لینکی پەیوەندیداری میتۆدی لەنێوان توێژینەوەکان وسوودبینین لەباشترین ڕێکاری میتۆدی، لەوڕوانگەوە ئەم توێژینەوەیە لەم ڕووانەی خوارەوە پەیوەندیدارە بەو (٤) توێژینەوەیەی پێشوو کەتوێژەر خستونیەتەڕوو:

١- سێ توێژینەوەی پێشوو ئامانجیان دەرخستنی ڕۆڵ وبایەخی میدیایە بە بواری ژینگە بەگشتی وبەشێوەیەکی گشتی هاوبەشن لە گەڵ ئەم توێژینەوەیەدا لە باسکردنی ئاو وەک ڕەگەزێکی ژینگەیی.

٢- توێژینەوەی چوارەم ڕاستەوخۆ ئامانجی دەرخستنی کارایی وکاریگەری چالاکیە میدیاکانە لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە بواری ئاوداو گونجاوترینە لە گەڵ هەردوو گۆڕاوی ئەم توێژینەوەیەی توێژەردا.

٣-ئەم توێژینەوەیە بەهەمان شێوەی هەندێک لە توێژینەوەکانی دیکە فۆڕمی ڕاپرسی بەکارهێناوە و ڕای جەماوەری کردۆتە پێوەری دەرخستنی بایەخپێدانی میدیایی بەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری لەبواری ئاودا.

٤- لەدەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا وەک توێژینەوەکانی پێشوو ڕوون بۆتەوە کە لەبەخشینی هۆشیاری بەهاوڵاتیان دەربارەی مامەڵەکردن لەگەڵ سامانی نیشتیمانی ئاودا، بایەخپێدانی میدیایی بەگوێرەی پێویست نەبووەو لە ئاستێکی لاواز دایە.

٥- لە پێشنیارەکانی ئەم توێژینەوەیەی توێژەردا بەهەمان شێوەی سەرجەم توێژینەوەکانی پیشوو لەپێناو بایەخدانی زیاتر بە پرسی ژینگە، پێشنیاری کردنەوەی بەشی تایبەتمەند بە ڕاگەیاندنی ژینگەیی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا ئاڕاستەی دەزگاکانی میدیاکراوەو لەو ڕوانگەوە پێگەیاندنی ڕۆژنامەنوسی تایبەتمەندی ژینگەیی بە پێویست زانراوە.

## سێیەم
## لایەنی تیۆری توێژینەوە :

دامەزراوە میدیایی یە کوردیەکان و ڕۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە بواری ئاو و کێشەکانی لە شاری سلێمانیدا:

**یەکەم: دامەزراوەی میدیایی و ئەرکانی :**

**1- دامەزراوەی میدیایی :**

بریتیە لەدامەزراوەیەکی فەرمی کە سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی چەند ئامڕازێکی جیاوازی ڕاگەیاندن دەکات و بە گوێرەی ڕەزامەندی لایەنی پەیوەندیدارو بە لەبەرچاوگرتنی یاسای رۆژنامەوانی و بنەما کارگێریەکان دادەمەزرێت وکەناڵەکانی ناو دامەزراوەکە ئاراستە دەکات و خاوەندارێتیان لە ئەستۆ دەگرێت، زۆرجار ئەم دامەزراوەیە زیاتر لەکەناڵێکی تەلەفیزیۆنی لەخۆ دەگرێت، هەروەك خاوەنی کەناڵی ڕادیۆیی و ڕۆژنامەی چاپکراویشە،هاوکات بواری میدیای نوێ و دیجیتاڵییش بەئامرازێکی تری ناو دامەزراوە کە ئەژمار دەکرێت، کە خۆی دەبینێتەوە لە پێکەو تۆڕی کۆمەڵایەتی سۆشیال میدیاو وێب تیڤی و ڕۆژنامەی ئەلیکترونی، کە تێکڕا پێکەوە گوتاری دامەزراوە میدیایەکە ئاراستەدەکەن و خاوەنی یەك سیاسەتی کەناڵ و دونیابینی سیاسین، هەروەها لەبنە ڕەتدا دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەرهەمهێنەری پەیام و هاوکات سەکۆی گفتوگۆی پەیام و هەروەها هۆکاری گوێزەرەوەی پەیامە جیاوازەکانیشن ، لەگەڵ دەزگاکانی بواری کارکردن جیاوازیان هەیە، جیاوازیەکەش ئەوەیە کاڵای میدیا پەیامە، هاوکات کاری میدیایی وەك زۆر کاری تر کارێکی تەواو مرۆییەو حەزە کەسیەکان و پەیوەندیە کەسی و کارگێریەکانی ناو دامەزراوەکە کاریگەری ڕاستەوخۆ جێ ئەهێڵێت لەسەر ئاستی بەرهەمهینانی ئەو پەیامە میدیاییەی کە دامەزراوە میدیاییەکە ئاڕاستەی کومەڵگای دەکات. ( محمد، رسول، 2017، ل ،332 334).

دامەزراوەی میدیایی لەئەنجامی ئەو هەژمون و ڕۆڵە مەزنەی ئامڕازەکانی میدیاوە سەرچاوەی گرتووە کەخاوەندارێتی یە جیاوازەکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن پێیانوایە بەتەنها بەیەك کەناڵ ناتوانن و مەبەستەکانیان بهێننەدی و ئەرکە گشتییەکانی میدیا جێ بەجێ بکەن ، لەو ڕوانگەوە لەگەڵ ئەوەی کە زۆر هۆکار لە پشت دروستکردنی ئەو هەژموونە کاریگەرەی دامەزراوە میدیاییەکان بوونیان هەیە، بەڵام بوار و پێویستی هۆشیاری بەخشین بە هاوڵاتیان لە گشت بوارەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری و ژینگەی و پەروەردەیی و مەدەنی و هتد.. لە پاڵ بوارەکانی تردا یەکێکە لە بوارە هەرە کاریگەرەکان لەسەر بەردەوامی گەشەی چەندێتی وچۆنایەتی دامەزراوە میدیاییەکان. (عبید، 2007، ص52) .

لەئێستادا لەهەرێمی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەناڵە تەلەفیزیۆنی و ڕادیۆیی و ڕۆژنامەوانی و ئەلیکترۆنیەکان لەچوارچێوەی دامەزراوەی میدیایدا خۆیان ڕێك ئەخەنەوەو تۆڕو دامەزراوەی بەرفراوان پێك ئەهێنن تاکو بتوانن توانستی گەیاندنی گوتاری پشت سیاسەتی کەناڵیان باڵاتروهێنانەدی ئامانجە میدیاییەکانیان سەرکەوتوانەتر بێت ، بۆ بەدیهینانی ئەم ئامانجانەش دامەزراوە میدیاییەکان پێویستیان بە ئەنجامدانی ئەرکە میدیاییە سەرەکیەکانیان هەیە، کە پێویستیان بە ڕاڤەکردن هەیە.

**2- ئەرکەکانی دامەزراوەی میدیایی:**

**1- ئەرکی ڕاگەیاندنی هەواڵ و زانیاری:** لەم ڕوانگەوە دامەزراوەی میدیایی بەهۆی تایبەتمەندیە هەمەچەشنەکانی ئامڕازە جیاوازەکانیەوە لە توانستیدا هەیە هەواڵ و زانیاری بە باشترین شێوە وبەخێرایی و لە ئان وساتی ڕودانی ڕوداوەکانی چواردەوردا بەجەماوەر بدات.

**2- ئەرکی ئاوێتەبونی کۆمەڵایەتی:** ئەمەش لە ڕێگەی دروستکردنی پەیوەندی تاك و هێنانەکایەی کەشی دواندن و گفتوگۆ و بیروڕاگۆڕینەوەو پەیوەندی ئەرێنی و مامەڵەی ڕێزدارانەوە.

**3- ئەرکی کات بەسەربردن:** ئەم ئەرکەش لەئەنجامی سەرقاڵبونی مرۆڤەوە بە کێشەکانی دەوروبەریەوە سەرچاوەدەگرێت ،ئامڕازە میدیاییە جیاوازەکان توانستی پێدانی حەوانەوەو پشودانیان هەیەو دەتوانن ببنە سەکۆیەك بۆ پشودان و دڵنیایی دەرونی و کۆمەڵایەتی و چێژ ببنین لەپەیامەکان ودورکەوتنەوە لە گرفت و دڵەڕاوکێ و نائارامی. (الهیتی ، 2010 ، ص 128).

**4- ئەرکی لێدوان و شیکردنەوەو بنکۆڵکردنی بابەت و ڕووداو و گرفتەکان :** ئەمەش بەمەبەستی دروستکردنی ئاگایی و ڕۆشنبیری لەمەڕ ڕووداو پێشهاتەکانی کۆمەڵگا لای بینەران.

**5 - ئەرکی کلتوری و فێرکاری :** ئامڕازەکانی میدیا ڕۆژانە کار لەسەر پرۆژەی پەروەردە یی و فێرکاری دەکەن و ئەرکیانە بینەرەکانیان زانیار بکەن لەسەر جیهانی دەرەوە و هەواڵ و زانیاریەکان بگوازنەوە بۆ ناو ماڵی بینەران.

**6- ئەرکی گەشەپێدانی هونەری:** ئەم ئەرکەش لە تایبەتمەندیەکانی ئامڕازەکانی تەلەفیزیۆن و دیجیتاڵ میدیاوە زیاتر سەرچاوە دەگرێت کە کار لەسەر دەنگ و ڕەنگە دەکەن، وەك شانۆ و مۆسیقاو سینەما لەئامڕازێکدا کۆکراوەتەوەو بونە ویستگەیەك بۆ پەرەپێدانی هەستی هونەری لای بینەران وقوتابخانەیەك بۆ چۆنیەتی خۆگونجاندن لەگەڵ شێوازەکانی ژیانکردن بە گوێرەی سەردەمی نوێ . (عزیز، حمه شریف، 2010، ل29- 30).

**7- ئەرکی هۆشیاری بەخشین:**

لەو ڕوانگەوە کەدامەزراوەیی میدیایی یەکێکە لە ئامڕازەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەری و ڕۆڵی مەزن دەگێڕێت لەبەخشینی ئاگایی و بەرچاو ڕوونی و هۆشیارکردنەوەی کۆمە ڵگادا، ئەمەش لەو گۆشەنیگایەوە سەرچاوە دەگرێت کە ڕاگەیاندن هەر لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دێرینەو لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگاکان گەشەی کردووە، لەکۆتاییدا بۆتە بەشێکی گرنگ و دانەبڕاو لە ژیانی کۆمەڵگاو پڕکەرەوەی پێداویستیەکانی و ئامڕازی هۆشیارکردنەوەی تاکەکانی، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی کە کاریگەری ئامڕازە میدیایە جیاوازەکان هەمەلایەنەیە وسەرجەم بوارەکانی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئابوری وئاینی و ژینگەیی و تەندروستی دەگرێتەوەو توانستی ئەوەیان هەیە تاك و کۆمەلگا هۆشیاربکەنەوە لە ڕێگریەکانی بەردەم گەشە سەندنی تاك و کۆمەڵگاو هاوکات چارەسەرو هەنگاوەکانی هێنانەدی ئەو گەشە سەندنەش دەخەنەڕوو، بە تایبەت لەم سەردەمەدا کە بەسەردەمی بەرهەم هێنان و پەخشبوونی زانیاریەکان (التدفق المعلومات) ناو ئەبرێت.
(عبدالظاهر ،2021/3/22،

لێرەوە دەکرێت بوترێت بەشێك لە ئەرکەکانی تری دامەزراوەی میدیایی دەچێتە خزمە ت ئەرکی هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاوە، بەنمونە ئەرکەکانی پێدانی هەواڵ و زانیاری و شیکردنەوەیان،هەروەها پرۆسەی بەڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگاو فێرکردن و پەروەردەکردن لەکۆتاییدا کۆمەلکا هۆشیارئەکەنەوە،ئەمەش وادەکات میدیا ڕۆلێکی هۆشیار بەخشانەی گرنگ ببینێت لەناو جەماوەردا.(عبدالظاهر ،2021/3/22، t/publicationپn.پarchgatپسhttps://www.r).

بۆ یەدیهێنانی ئەركی هۆشیاری بەخشانەی ئامرازەكانی میدیا لەبواری ژینگە بەگشتی و لەناویشدا سەرچاوەكانی ئاو وەك بوارێكی گرنگی ژینگە ، گرنگە ئەم بوارانە بەهەند وەربگیرێن:

- سازكردنی پێشبڕكێی هۆشیاری بەخش و بەرنامەی هەمەجۆر لەسەر ئەو بوارە و وەرگرتنی ڕای هاوڵاتیان لەسەر گرفتەكانی ژینگەو ئاو لە ڕێگەی فاكس و پەیوەندی تەلەفۆنی و كورتەنامەوە. -

- هەڵبژاردنی كاتی گونجاو بۆ پێشكەشكردنی بەرنامەكانی ژینگە، بەنموونە پێدانی پەیامی هاندان بۆ دەستگرتن بە بەكار هێنانی ئاو لەوەرزی هاویندا، لەبەرئەوەی لەم وەرزەدا خواستی بەكارهێنانی ئاو زیاتر دەبێت بەبەراورد بە وەرزەكانی تر.

- پێدانی پەیامی جەختكردنەوە لەسەر پێدانی ڕێنمایی و هۆشیاری بە هاوڵاتیان لەسەر ڕێكارە یاساییەكانی دەستدرێژی بۆ سەر ژینگەو سەرچاوەكانی ئاو و پیسكردن و شێواندنی وڕاكێشانی ئاو بەنایاسایی و تێكدانی تۆڕەكانی ئاو.

- دانانی هۆشیاری ژینگەیی لە پلانی هۆشیاری بەخشانەو چارەسەرسازیانەی گرفتی ناهۆشیاری كۆمەڵگادالەلایەندامەزراوە میدیاییەكان و بەكارهێنانی ئامڕازە ئەلیكترۆنیەكانی وەك بەرید و تۆڕەكۆمەڵایەتیەكان بۆ بەئاگاهێنانەوەی هاوڵاتیان. (عبدالغفار، 2007، ص111- 112) .

- هەماهەنگی دەزگاكانی ڕاگەیاندن لەگەڵ دام ودەزگا پەیوەندیدارەكانی ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی تایبەت بە پرسی ژینگە بە گشتی و بواری ئاو بە تایبەتی، بە مەبەستی باشتر ئەنجامدانی ئەركی هۆشیاری بەخشینی میدیایی لە بوارەكەدا.

هاوكات هۆشیاركردنەوەی هاولأتیان سەبارەت بە بواری ئاو دەكرێت لە ڕێگەی تەواوی ژانرە میدیاییەكانەوە ئەنجام بدرێت، وەك بڵاوكردنەوەی بابەتی ڕۆژنامەوانی و سازكردنی بەرنامە لە گەڵ پسپۆڕانی بوارەكە و بەسەركردنەوەی سەرچاوەكانی ئاو و پیشاندانی كەم و كوریەكانی بوارەكەو هەموو ئەو كێشەو لەمپەرانەی لەو بواری ئاودا دروست دەبن ، دەكرێت بەم هەنگاوانەو سازدانی بەرنامەی پێشبڕكێ و بڵاوكردنەوەی ڕیكلام و ئاگایی بەردەوام خزمەتی زیاتری هۆشیاركردنەوەی هاوڵاتیان دەربارەی بواری ئاو بكرێت.

**دووەم: دەرامەتی ئاو : سەرچاوەو كێشەكانی ئاوی شاری سلێمانی :**

**1- دەرامەتی ئاو :** لەو ڕوانگەوە كە ئاو یەكێكە لە پێداویستیە بنەڕەتیەكانی ژیان و سەرچاوەیەكی یەكجار بایەخداری بەردەوامی ژیانی مرۆڤەو بە سەرمایەیەكی نیشتمانی بایەخدار دا ئەنرێن لە هەر كۆمەڵگایەكدا،هەروەها دەرامەتە ئاویەكان وكێشەكانی ئەم بوارەش دەبنە جێگەی بایەخی دەزگاكانی ڕاگەیاندن.

لە بنەڕەتدا دەرامەتی ئاوی لەسەرچاوەگەلی جۆراو جۆرەوە پەیدا دەبێت، وەك دەوترێت " بەگشتی دەرامەتە ئاویەكان لە هەر ناوچەیەكی سەر زەویدا پێكهاتوون لە دابارین، كە لە شێوەی باران و بەفرو تەرزەدا خۆی دەبینێتەوەو ئەمانیش دەبنە سەرچاوە بۆ ئاوی سەرزەوی و لەشێوەی ڕوبارو چەمە وەرزیەكاندا دەر ئەكەون، هاوكات لە گەڵ ئاوی ژێر زەویدا كە لە شێوەی كانیاو بیرو هەندێ جاریش كارێزدا دەر ئەكەون". (أحمد،2017،ل 53) ، ئاوی پارێزگای سلێمانیش لەم سەرچاوانەوە دابین دەكرێت.

سەبارەت بەجۆری دەرامەتە ئاویەكان بەشێوەیەكی گشتی" دەرامەتی ئاو لە سێ شێوەی سەرەكی پێكهاتووە، دابارین و ئاوی سەرزەوی و ئاوی ژێر زەوی، دابارین بە هەموو جۆرەكانیەوە بەگشتی و بەفرو باران بە تایبەتی كاریگەری زۆر و گرنگی لە سەر هەردوو شێوەكەی تر هەیە، لەگەڵ زۆربونی بڕی دابارین ئاوی سەر زەوی و ژێر زەویش زیاد دەكات، بەپێچەوانەشەوە لەگەڵ كەمی دابارین كەم دەكات، سەرەڕای دابارین ڕەگەزەكانی تری ئاووهەواش كاریگەرییان لەسەر دەرامەتی ئاو هەیە، هەرچی ئاوی سەرزەویشە بریتیە لە ئاوی روبارو جۆگەو لقەكانی، ئاوی ژێر زەویش سەرچاوەو كارێزو بیرو كانیاوەكان لە خۆ دەگرێت". (طالب ،یاسین ،2015،ل147) .

هەروەها لە پاڵ ئاوی ژێر زەویدا یەكێك لەسەرچاوەكانی ئاوی خواردنەوە ئاوی سەر زەویە، كە بەسەرچاوەیەكی گرنگی دابینكردنی پێداویستی ئاوی پاك دا ئەنرێت ،ئەم جۆرەش ئاوەش "بەو ئاوانە دەوترێت كەلەسەر زەویدا رێدەكەن، یان بونیان هە یە،وەك ئاوی چەمەكان، روبارەكان و ئاوی دەریاچە و گۆم و زەلكاوەكان، تەنانەت ئاوی زەریاو دەریاكانیش دەگرێتەوە" . ( حسین، ابراهیم ،1999، ص47) .

**2- سەرچاوەی دەرامەتی ئاو:**

سەبارەت بەدەرامەتی ئاو لە شاری سلێمانیدا دەكرێت بوترێت: شاری سلێمانی و دەوروبەری وەك پارێزگایەكی دیاری كوردستان وەك سەرجەم ناوچەكانی تری هەرێمی كوردستان سوودی زۆر لە ئاوی سەر زەوی دەبینێت وەك سەرچاوەیەكی سەرەكی دەرامەتی ئاو لەم شارەدا، ئەمەش لە سروشتی ئاووهەواكەیەوە سەرچاوەی گرتووە كە هەڵكەتوتەی ئاووهەوایی ئەم شارە بە شێوازیكە كە( 853م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزەو ئاووهەواكەی كاریگەرە بەدەریای ناوەراست و لە زستاندا ساردو بارانآویەو هاوینیشی وشك و گەرم و بێبارانە".) ئەدمین، 2021 ،http://spu.پdu.iq ).

دەكرێت بوترێت لە پاڵ ڕێژەیەك لە ئاوی ژێر زەویدا ئاوی سەرزەوی و بەتایبەت باران یەكێكە لەسەرچاوە گرنگەكانی دابینكردنی ئاو لە شاری سلێمانیدا، لەو ڕوانگەوە " لەشاری سلێمانیدا ڕێژەی ئاوی سەر زەوی لەگەڵ سەرەتای دەستپێكردنی وەرزی باران لە مانگی تشرینی یەكەم تادەگاتە كۆتایی مانگی نیسان وسەرەتای مانگی مایس لە زیادبووندایە ، هەروەها لەسەرەتای مانگی حوزەیران ڕێژەی ئاوی سەر زەوی دەست دەكات بە كەمبونەوە، واتا لەگەڵ سەرەتای وەرزی باران بڕان تادەگاتە كۆتایی مانگی ئەیلول، ئاوی سەر زەوی لە شاری سلێمانی و دەوروبەریدا ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بڕی ئەو بەفرو بارانەی لەم ناوچەیە دەبارێت، چونكە هیچ ڕوبارو چەمێك نیە لەدەرەوەی ئەم ناوچەیە هەڵبقوڵێت وبێتە سنوری ناوچەكەوە، بۆیە گۆران لە بڕی باران و پلەی گەرمی ڕاستەوخۆ كاریگەری لەسەر ئاوی سەر زەوی لەسلێمانی و دەوروبەریدا بەجێ دەهێڵێت و هەر گۆڕانیك لەباران بەئاراستەی كەمبونەوە دەبێتەهۆی كەمبونەوەی ئاوی سەرزەوی وژێر زەوی لەشاری سلێمانی و دەوروبەریدا" . (طالب، یاسین ،٢٠١٥،ل147).

**3- كێشەكانی ئاو لە شاری سلێمانی :**

هەرچی سەبارەت بە( كێشەكانی ئاو) ە لە پارێزگای سلێمانیدا، ئاشكرایە كەدیارترین كێشەكان خۆیان دەبینەوە لە " نەبوونی تۆڕی ئاوی( 20% ) ی گەڕەكەكانی شاری سلێمانی و كەمی بودجەی كارپێكردن و ئۆپرەیشن بەشێوەیەك كە زۆر كەمترە لە پێویست، هاوكات یەكێكی تر لە كێشەكانی ئەم بوارە خۆی دەبینێتەوە لەوەی كە وێستگەكانی دوكانی یەك ودوو بەنیو توانای بنەڕەتی ئیش دەكەن، ئەمە سەرەڕای زۆر بوونی خێرای دانیشتوان بە هۆی پەنابەرو ڕاگوێزراو، لەلایەكی ترەوە بەقورسی دەستكەوتنی موادی شیاندنی ئاوبۆ خواردنەوە وەك كلۆر و شەب ( الومنیۆم سولفە یت) ، هەروەها زۆری كارمەندی ناپسپۆڕو نەبونی دەسەڵات و بودجەی پێویستی بەردەست، بەكێشەی دیاری ئەم بوارە دائەنرێن، دەكرێت بوترێت كێشەكانی ئەم بوارە زۆرو زەبەندن وهەر لەكەمبوونی سەرچاوەی ئاوی سەرچنار بەهۆی وەرزی بوونی ئەم سەر چاوەیەوە كەلەهاویندا بەئاستێكی زۆر ڕێژەی ئاوەكەی كەم دەكات، تاكو نا هۆشیاری هاوڵاتیان لە بەكارهێنانی ئاو و بە فیڕۆدانی زۆر و پیس بوونی سەرچاوەكانی

ئاو بە تایبەت سەیرانگای دوکان لە وەرزی گەشتیاریدا، هەموبان کیشەی دیارن لەم بوارەدا و بۆچارەسەرکردنی هەموو ئەم گرفتانەو جێبەجێ کردنی پلانی چارەسەر ئاتاجی بە بودجەی پێویست هەیەو ئەگەر بودجەی پێویست دابین بکرێت پلان ئامادەیە و سلێمانی کێشەی نابێت لە بواری ئاودا. " (قادر،2021، چاوپێکەوتن).

دەزگاوکەناڵە میدیاییەکانیش وەك پێویست نەیانتوانیوە لەگەڵ فەرمانگەی ئاوی سلێمانیدا هەماهەنگ بن ورومالی کاروچالاکی وپرۆژەکانیان بکەن و هەڵمەتی هۆشیاری پاراستنی ئاو و بەفیڕۆنەدانی و خەرجکردنی بەگوێرەی پێویست ڕابگەیەن و" زۆربەی کەناڵە تەلەفیزیۆنیەکان هەوڵی پۆزەتیڤیان نیە لەبواری هۆشیارکردنەوەدا بەبیانوی نەبوونی بودجە لە لایەن فەرمانگەی ئاوەوە و بەپێچەوانەوە زۆر جار هەوڵ ئەدەن ئەو هەواڵانە زیاتر زەق بکەنەوە کە هاوڵاتی زیاتر تووشی دڵەڕاوکێ و پەشێوی ئەکەن ، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن وەك پێویست هاوکاری تەواو نین بۆ ڕاکێشانی سەرنجی هاوڵاتیان بە تایبەت لە بواری هۆشیارکردنەوەدا بەڵام هەندێك هاوکاری خستنەڕووی چالاکی وێستگەکانی بەرهەم هێنانی ئاو دەکەن. " (قادر،2021، چاوپێکەوتن) .

## چوارەم

## لایەنی مەیدانی توێژینەوە:

لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە جگە لەوەی ڕاڤەی خشتەی داتاکانی توێژینەوەی تیادا کراوە ، هاوکات بەمەبەستی هێنانەدی گریمانەکانی توێژینەوەکە پەیوەندی گۆڕاوەکانی پەیوەندیدار بە ئامانجەکانی توێژینەوەوە بە خەسڵەتە کەسیەکانی ( ڕەگەز، تاستی تەمەن، بڕوانامەو ئاستی خوێندن) ی بەرتوێژانی توێژینەکەوە بەم شێوەیەی خوارەوە خراوەتەڕوو.

**خشتەی (2)**

**خستنەڕووی ژمارەی بەشداربوانی ڕاپرسی لە روی ڕەگەزەوە:**

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | 245 | %70 |
| مێ | 105 | %30 |
| هەمووی | 350 | %100 |

لەکۆی ئەو (350) کەسەی کە وەك مشتەی توێژینەوەکە وەرگیراون (245 ) کەسیان لە ڕەگەزی نێرن کە دەکاتە ڕێژەی (70%) ی بەشداربوانی ڕاپرسی توێژینەوەکە و لەبەرانبەریشدا ( 105 ) بەشداربویان لە ڕەگەزی مێن کە دەکاتە (30% ) ی بەشداربوانی ڕاپرسیەکە، بەم شێوەیە دەکرێت بوترێت زۆربەی بەشداربوان لە ڕەگەزی نێرن، وەك لە خشتەی ژمارە (2) دا نیشان دراوە.

**خشتەی (3)**

**خستنەڕووی تەمەنی بەرتوێژانی توێژینەوە:**

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 18- 22 ساڵ | 70 | %20 |
| 23- 27 ساڵ | 65 | %18.5 |
| 28- 31 ساڵ | 55 | % 15.5 |
| 32- 36 ساڵ | 50 | %14.5 |
| 37- 41 ساڵ | 45 | %13 |
| 42- 46 ساڵ | 40 | %11.5 |
| 47 ... ساڵ | 25 | %7 |
| هەمووی | 350 | %100 |

خشتەی (3) خستنەڕووی تەمەنی بەرتوێژانی توێژینەوەکە نیشان دەدات لەو ڕوانگەوە دەرکەوتووە کە ئەو کەسانەی تەمەنیان لە ( 18- 22 ) ساڵدایە لە کۆی (سێ سەدو پەنجا ) بەشداربووی ڕاپرسیەکە تەنها (70 ) بەشداربون کە دەکاتە ڕێژەی( 20%) ی بەشداربوان، هەروەها ئەوانەی کە تەمەنیان لە (23- 27 ) ساڵە تەنها (65) کەسن کە دەکاتە ڕێژەی( 18.5% ) ی بەشداربوان، بەهەمان شێوە ئەو بەشداربوانەش کەتەمەنیان لە (28 -31 ) ساڵی دایە ژمارەیان( 55) کەسە ڕێژەیان دەگاتە( 15.5 %) ی بەشداربوانی ڕاپرسی توێژینەوەکە.

سەبارەت بە بەشداربوانی تەمەنی (32- 36) ساڵ ژمارەیان( 50) کەسە بە ڕێژەی (14.5%)، بەڵام ئەو کەسانەش کە تەمەنیان (37-41 ) ساڵە ژمارەیان( 45) بەشداربون کە ڕێژەی( 13 % ) ی بەشداربوان پێك ئەهێنن.

تەمەنی ( 42- 46 )ساڵ تەنها (40) کەس بەشداربوون بەڕێژەی ( 11.5% ) ، هاوکات ئەوکەسانەش لە( 47 ) ساڵ بەرەو سەرن تەنها ( 25 ) کەسن، بەڕێژەی ( 7%) .

بەم جۆرە دەردەکەوێت بە پلەی یەکەم بەشداربوان تەمەنیان لە نێوان (18- 22 ) ساڵیدایە و پلەی دوەمیش (23- 27 ) ساڵیە ، لەبەرانبەردا کەمترین ڕێژەش تەمەنی بەرزتر لە( 47 ) ساڵە.

**خشتەی (4)**

**خستنەڕووی ژمارەی بەشداربوانی ڕاپرسی لەڕوی بڕوانامەو ئاستی خوێندن**

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەرەتایی | 25 | %7 |
| ناوەندی | 45 | %12.5 |
| ئامادەیی | 70 | %34.5 |
| دبلۆم | 71 | %4.5 |
| بەکالۆریۆس | 125 | %35.5 |
| ماستەر | 12 | %3.5 |
| دکتۆرا | 2 | %2.5 |
| هەمووی | 350 | %100 |

خشتەی ژمارە (4) دابەشبونی ڕێژەی بەشداربوانی ڕاپرسی توێژینەوەکە دەردەخات لەسەر بنەمای بڕوانامەو ئاستی خوێندن بە جۆرێك کە نیشانی دەدات لە کۆی (350) کەسی بەشداربوو (25)کەسیان خاوەن بڕوانامەی سەرەتایین کە دەکاتە ڕێژەی (7%) ی بەشداربوان، هەروەها( 45 )بەشداربوو خاوەنی بڕوانامەی ناوەندین بەڕێژەی ( 12.5%)، هەرچی ئەو بەشداربوانەشە کە خاوەنی بڕوانامەی ئامادەیین ژمارەیان ( 70) بەشداربوون بەڕێژەی (34.5 ٪) .

لەبەرانبەریشدا ئەوانەی خاوەنی بڕوانامەی دبلۆمن ژمارەیان( 71) بەشداربون بەڕێژەی (4.5%) ی بەشداربوان، بەڵام خاوەن بڕوانامەکانی بەکالۆریۆس (125) کەسن کە ڕێژەیان( 35.5% ) ی بەشداربوان دەبێت، لەبەرانبەردا خاوەن بڕوانامەی ماستەر تەنها (12 ) بەشداربوون بەڕێژەی ( 3.5%) ، هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆراش کەمترین بەشداربون کە تەنها (2) کەسن بە ڕێژەی (2.5%).

ئەمەش نیشان دەدات کە بەپلەی یەکەم ڕێژەی زۆری بەشداربوانی ڕاپرسی توێژینەوەکە خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆسن.

**خشتەی (٥)**

**خستنەڕووی ڕادەی وەرگری پەیامی دامەزراوەی میدیایی( Kurd sat)**

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | 350 | 100٪ |
| نەخێر | 0 | 0٪ |
| هەمووی | 350 | 100٪ |

خشتەی ژمارە (6) ڕادەی وەرگری بەشداربوانی مشتە (عینە)ی توێژینەوەکە دەر دەخات بۆ پەیامی دامەزراوەی میدیایی(Kurd sat) بەپێی ئەو زانیاریانە کۆی بەشداربوانی ڕاپرسیەکە وەك وەرگری پەیامی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) خۆی ان ناساندووە، بە ڕێژەی( 100٪ ) وەرگری ئەو دامەزراوە میدیاییەن.

بەمەستی ووردتر شیکارکردنی ئاماری خشتەکانی داهاتوو، توێژەر بە پشت بەستن بە ( پێوەری لیکارتی سیانی ) ئاستی ناوەندە ژمێرەییەکانی دەستنیشان کردووە ، هەروەک لە خشتەی ( ٦) خراوەتەڕوو .

**خشتەی (٦)**

**پێوەری لیکارتی سیانی بۆ دەستنیشانکردنی ناوەندە ژمێرەییەکان**

| ئاست | ڕێژەی ناوەندە ژمێرەییەکان | |
|---|---|---|
| کەم | 1 | 1.67 |
| تاڕادەیەک | 1.67 | 2.34 |
| زۆر | 2.34 | 3.00 |

بەگوێرەی خشتەی (٦) هەر ناوەندێکی ژمێرەیی کەوتە نێوان (١ بۆ 1.67) ئەوا بە ئاستی(کەم) دائەنرێت، هاوکات ئەو ناوندە ژمێرەییانەی دەکەونە نێوان (1.67 بۆ 2.34 ) ئەوا بە ئاستی( تاڕادەیەک) دائەنرێن، لە بەرانبەردا ناوەندە ژمێرەییەکانی (2.34 بۆ 3.00 ) بەئاستی ( زۆر) ئەژمار دەکرێن.

**خشتەی (٧)**

**دەرخستنی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat) لەپێدانی هۆشیاری بە هاولاتیان سەبارەت بە زانینی بایەخ و پێگەی ستراتیجی سامانی نیشتمانی ئاو لە جیهان و ناوچەکەو هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانیدا:**

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی |
|---|---|---|---|---|
| زۆر | 45 | 13 ٪ | 1.63 | 0.49 |
| تاڕادەیەك | 130 | 37 ٪ | | |
| کەم | 175 | 50٪ | | |
| هەمووی | 350 | 100٪ | | |

خشتەی ژمارە (٧) ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat) نیشان دەدات لەهۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت بە زانینی بایەخ و بە پێگەی ستراتیژی سامانی نیشتمانی ئاو لە جیهان و ناوچەکەو هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانیدا ، لەوبارەوە و بەشێوەیەکی گشتی بۆ توێژەر دەردەکەوێت کە ئەو (ڕۆڵ) ە لە ئاستێکی ( **کەم**) دایە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە بەناوەندی ژمێرەیی (1.63) ولادانی پێوانەیی (٠,٤٩) ، هاتووە.

هاوکات بەشیوەیەکی تایبەتی بەپێی ڕای بەشداربوانی ڕاپرسیەکە تەنها 45 بەشداربوو لە کۆی بەشداربووان پێیان وایە کە تاڕادەیەکی زۆر دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat) گرنگی بەو بابەتە داوە کە ڕێژەی 13٪ ی بەشداربوان پێك دەهێنێت.

لەبەرانبەردا 130 بەشداربوو پێیان وایە کە هۆشیارکردنەوەی هاولاتیان سەبارەت بە گرنگیدان بە پێگەی ستراتیژی سامانی نیشتمانی ئاو لە جیهان و ناوچەکەو هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانیدا لە دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat) تارادەیەکە کە دەکاتە ڕێژەی 37٪ ی بەشداربوان.

هەروەها 175 بەشداربووش پێیان وایە کە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت بە گرنگیدان بە پێگەی ستراتیژی سامانی نیشتمانی ئاو لەجیهان وناوچەکەو هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانیدا لە دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat) دا کەمە ، کە ڕێژەی 50٪ بەشداربوانی توێژینەوەکە دەگرێتەخۆی.

**خشتەی (٨)**

**خستنەڕووی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat ) لە هۆشیارکردنەوەی هاولاتیان سەبارەت بە پاراستن و پاك ڕاگرتنی سەرچاوەکانی ئاوی شاری سلێمانی:**

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ناوەندی ژمێرەیی | پێوانەی |
|---|---|---|---|---|
| زۆر | 40 | 11.5 ٪ | 1.74 | 0.42 |
| تاڕادەیەك | 180 | 51.5٪ | | |
| کەم | 130 | 37 ٪ | | |
| هەمووی | 350 | 100٪ | | |

خشتەی ژمارە (٨) ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت بە پاراستن و پاك ڕاگرتنی سەرچاوەکانی ئاوی شاری سلێمانی ، نیشان دەدات، لەو بارەوە بۆ توێژەر ڕوون بۆتەوە کە بەشێوەیەکی گشتی دامەزراوەی میدیایی ناوبراو (**تاڕادەیەک**) ڕۆڵی هەبووە لەوبارەوە، لەبەرئەوەی کە ناوەندی ژمێرەییەکەی یەکسانە بە (1.74) بە لادانی پیوانەیی (0.42) .

بەشێوەیەکی تایبەتیش بەپێی ڕای بەشداربوانی ڕاپرسیەکە 40 کەس لە بەشداربوان پێی وایە کە دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat ) ڕۆڵی زۆری هەبووە لەو بارەوە، کە ڕێژەی 11.5٪ ی بەشداربووان پێك ئەهێنیت، لەبەرانبەردا 180 بەشداربووش پێیان وایە کە دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat ) تا ڕادەیەك ڕۆڵی هەبووە لە هۆشیار کردنەوەی هاولاتیان سەبارەت بە پاراستن و پاك ڕاگرتنی سەرچاوەکانی ئاوی شاری سلێمانی، کە دەکاتە ڕێژەی 51.5٪ ی بەشداربووان.

لەکۆتاییدا 130 بەشداربووی توێژینەوەکە پێیان وایە کە هۆشیارکردنەوەی هاولاتیان سەبارەت بە پاراستن و پاك ڕاگرتنی سەرچاوەکانی ئاوی شاری سلێمانی لە دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat ) دا لەڕادەیەکی کەم دایە، کەدەکاتە ڕێژەی 37٪ ی بەشداربوان.

بەم شێوەیە نیشانی دەدات کە ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat ) لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت بە پاراستن و پاك ڕاگرتنی سەرچاوەکانی ئاوی شاری سلێمانی تاڕادەیەکەو لە ئاستێکی مام ناوەندیدایە.

**خشتەی (٩)**

**دەرخستنی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لەهاندانی هاولاتیان بۆ بەفیڕۆنەدانی ئاو و بەکارهێنانی ئاو بەگوێرەی پێویست.**

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ناوەندی ژمێرەیی | ی پێوانەی |
|---|---|---|---|---|
| زۆر | 150 | %46 | 2.1 | 0.8 |
| تاڕادەیەک | 70 | %20 | | |
| کەم | 130 | %34 | | |
| هەمووی | 350 | %100 | | |

خشتەی ژمارە (٩) تایبەتە بەنیشاندانی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat) لەهاندانی هاولاتیان بۆ بەفیڕۆنەدانی ئاو و بەکارهێنانی ئاو بەگوێرەی پێویست، لەو ڕوانگەوە بەشێوەیەکی گشتی بۆ توێژەر دەردەکەوێت کە دامەزراوەی میدیایی ناوبراو ( **تاڕادەیەک**) ڕۆڵی هەبووە لەو بارەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە بەناوەندی ژمێرەیی (٢,١) ولادانی پێوانەیی ( ٠,٨) ، هاتووە.

بەشێوەیەکی تایبەتیش بەپێی ڕای بەشداربواونی ڕاپرسیەکە 150 بەشداربوو لە کۆی بەشداربووان پێی وایە کە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لەو بارەوە، کە ڕێژەی 46% پێك دەهێنێت.،هەروەها 70 کەس پێیان وایە ڕۆڵ بینینی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لە هاندانی هاولاتیان بۆ بەفیڕۆنەدانی ئاو و بەکار هێنانی ئاو بەگوێرەی پێویست، تا ڕادەیەکە، کە دەکاتە ڕێژەی 20% ی بەشداربووان.

لەبەرانبەردا 130 بەشداربوو پێیان وایە کە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) ڕۆڵێکی کەمی هەبووە لەهاندانی هاولاتیان بۆ بەفیڕۆنەدانی ئاو و بەکارهێنانی ئاو بەگوێرەی پێویست، کە ڕێژەی 34% ی بەشداربوان دەگرێتەخۆی.

بەم شێوەیە نیشانی دەدات کە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لەهاندانی هاولاتیان بۆ بەفیڕۆنەدانی ئاو و بەکارهێنانی ئاو بەگوێرەی پێویست ، ڕۆڵێکی مامناوەندی هەبووە .

**خشتەی (١٠)**

**خستنەڕوی ئاستی سوودبینینی هاولاتیان لە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە سیستەمی دابەشکردنی ئاو لەشاری سلێمانیدا:**

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ناوەندی ژمێرەیی | ی پێوانەی |
|---|---|---|---|---|
| زۆر | 95 | %27 | 1.91 | 0.62 |
| تاڕادەیەک | 130 | %37 | | |
| کەم | 125 | %36 | | |
| هەمووی | 350 | %100 | | |

خشتەی ژمارە (١٠) ئاستی سوودبینینی هاولاتیان لە دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat) بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە سیستەمی دابەشکردنی ئاو لەشاری سلێمانیدا نیشان دەدات، لەو گۆشەنیگایەوە بۆ توێژەر دەرکەوتووەکە بەشێوەیەکی گشتی دامەزراوەی میدیایی ناوبراو (**تاڕادەیەک** ) ڕۆڵی هەبووە لەوبارەوە، لەبەرئەوەی کە ناوەندی ژمێرەییەکەی یەکسانە بە (1.91) بە لادانی پێوانەیی (0.٦2) .

هاوکات بە شێوەیەکی تایبەت بەپێی ڕای بەشداربوانی ڕاپرسیەکە 95 بەشداربووی ڕاپرسیەکە سەبارەت بە سیستەمی دابەشکردنی ئاو لەشاری سلێمانیدا بەئاستێکی زۆر سوودیان لە زانیاریەکانی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) وەرگرتووە، کە ڕێژەی 27% ی بەشداربووان پێك دەهێنن.

هەروەها 130 کەسی بەشداربووی ڕاپرسیەکەش پێیان وایە کە هاولاتیان بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە سیستەمی دابەشکردنی ئاو لەشاری سلێمانیدا، تاڕادەیەك سوودیان لە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) وە رگرتووە، کە 37% ی بەشداربوان دەگرێتەوە.

لەلایەکی ترەوە 125بەشداربووی ڕاپرسی توێژینەوەکە پێیان وایە سوودوەرگرتنی هاولاتیان لە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە سیستەمی دابەشکردنی ئاو لەشاری سلێمانیدا لەئاستێکی کەم دایە، کە دەکاتە ڕێژەی 36% ی بەشداربوان.

بەم شێوەیە خشتەی ( ١٠ ) نیشانی دەدات کە ئاستی سوودبینینی هاولاتیان لە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە سیستەمی دابەشکردنی ئاو لەشاری سلێمانید لە ئاستێکی مام ناوەندی دایە.

**خشتەی (١١)**

**ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لە هۆشیارکردنەوەی هاولاتیان دەربارەی لێکەوتەکانی مەترسی پاك ڕانەگرتنی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە**

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ناوەندی ژمێرەیی | ی پێوانەی |
|---|---|---|---|---|
| زۆر | 120 | 34% | 2.09 | 0.59 |
| تاڕادەیەک | 142 | 41% | | |
| کەم | 88 | 25% | | |
| هەمووی | 350 | %100 | | |

خشتەی ژمارە (١١) ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) ی لە هۆشیار کردنەوەی هاولاتیان دەربارەی لێکەوتەکانی مەترسی پاك ڕانەگرتنی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە دا خستۆتەڕوو، لەوبارەوە بەشێوەیەکی گشتی بۆ توێژەر دەردەکەوێت کە دامەزراوەی میدیایی ئاماژەپێکراو ( تاڕادەیەک ) ڕۆڵی هەبووە ، ئەمەش لەبەرئەوەی کە بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٠٩) ولادانی پێوانەیی ( ٠,٥٩ ) ، هاتووە.

بەشێوەیەکی تایبەتیش،بەپێی ڕای 120کەس لەبەشداربووانی ڕاپرسیەکە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لەو بوارەدا، کە ڕێژەی 34% ی بەشداربووان پێك دەهێنێت.

هەروەها 142 بەشداربووی ڕاپرسیەکە پێیان وایە کە دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat) تاڕادەیەک ڕۆڵی هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی هاولاتیان دەربارەی لێکەوتەکانی مەترسی پاك ڕانەگرتنی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوە،کە دەکاتە ڕێژەی 41% بەشداربوانی ڕاپرسیەکە.

لە بەرانبەردا 88 کەس پێیان وایە ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لە هۆشیار کردنەوەی هاولاتیان دەربارەی لێکەوتەکانی مەترسی پاک ڕانەگرتنی سەرچاوە کانی ئاوی خواردنەوە لەئاستێکی (کەم ) دایە، کە دەکاتە ڕێژەی 25% ی بەشداربووان.

بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لە هۆشیار کردنەوەی هاولاتیان دەربارەی لێکەوتەکانی مەترسی پاک ڕانەگرتنی سەرچاوە کانی ئاوی خواردنەوەدا ئاستێکی مام ناوەندیدایە .

**خشتەی (١٢)**

**ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لەخستنەڕووی چارەسەری کێشەکانی ئاو لەشاری سلێمانیدا لەمیانەی وەرگرتنی ڕای لایەنە پەیوەندیدارەکانی بواری ئاو :**

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەی |
|---|---|---|---|---|
| زۆر | 155 | %44 | 2.23 | 0.61 |
| تاڕادەیەك | 120 | %34 | | |
| کەم | 75 | %22 | | |
| هەمووی | 350 | %100 | | |

خشتەی ژمارە (١٢) ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لەخستنەڕووی چارەسەری کێشەکانی ئاولەشاری سلێمانیدا لەمیانەی وەرگرتنی ڕای لایەنە پەیوەندیدارە کانی بواری ئاو نیشان دەدات،لەوبارەوە بەشێوەیەکی گشتی بۆ توێژەر دەردەکەوێت کە دامەزراوەی مدیایی ناوبراو ( تاڕادەیەک ) ڕۆڵی هەبووە ، ئەمەش لەبەرئەوەی کە بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٢٣) ولادانی پێوانەیی ( ٠,٦١ ) ، هاتووە.

هەروەها بەشێوەیەکی تایبەتیش بەپێی ڕای بەشداربوانی ڕاپرسیەکە 155 کەس لە بەشداربووان پێیان وایە کە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) ڕۆڵی زۆری هەبووە لەو بارەوە کە ڕێژەی 44% ی بەشداربووان پێك دەهێنن.

هەروەها 120 بەشداربووی تر پێیان وایەڕۆڵی دامەزراوە میدیاییەکە لەخستنەڕووی چارەسەری کێشەکانی ئاو لەشاری سلێمانیدا لەمیانەی وەرگرتنی ڕای لایەنە پەیوەند یدارەکانی بواری ئاودا، تا ڕادەیەکە کە دەکاتە ڕێژەی 34% ی بەشداربوان.

لە بەرانبەردا 75 بەشداربوی ڕاپرسی توێژینەوەکە پێیان وایە کە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لەخستنەڕووی چارەسەری کێشەکانی ئاو لەشاری سلێمانیدا لەمیانەی وەرگرتنی ڕای لایەنە پەیوەندیدارەکانی بواری ئاو ڕۆڵێکی کەمی هەبووە کەدەکاتە ڕێژەی 22% بەشداربووانی ڕاپرسیەکە.

بەم شێوەیە نیشانی دەدات کە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) خاوەنی ڕۆڵێکی مامناوەندە لەخستنەڕووی چارەسەری کێشەکانی ئاو لەشاری سلێمانیدا لەمیانەی وە رگرتنی ڕای لایەنە پەیوەندیدارەکانی بواری ئاودا .

**خشتەی (١٣)**

**ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لە پشت بەستن بە ڕای پسپۆڕانی بواری ئاو سەبارەت خستنەڕووی گرفتەکانی ئەو بوارەو و پێشنیاری چارەسەرکردنیان لەشاری سلێمانیدا .**

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ناوەندی ژمێرەیی | ی پێوانەی |
|---|---|---|---|---|
| زۆر | 130 | %37 | 2.26 | 0.42 |
| تاڕادەیەك | 180 | %51 | | |
| کەم | 40 | %12 | | |
| هەمووی | 350 | %100 | | |

خشتەی ژمارە (١٣) ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لە پشت بەستن بە ڕای پسپۆڕانی بواری ئاو سەبارەت بە خستنەرووی گرفتەکانی ئەو بوارەو پێشنیاری چارەسەرکردنیان لەشاری سلێمانیدا، نیشان ئەدات. بەشێوەیەکی گشتی بۆ توێژەر ئاشکرابووە کە دامەزراوە میدیاییەکە لەوبارەوە **(تارادەیەک )** ڕۆڵی هەبووە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٢٦) ولادانی پێوانەیی ( ٠,٤٢ ) ، هاتووە.

هاوکات بە شێوەیەکی تایبەتیش بەپێی ڕای بەشداربوانی ڕاپرسیەکە 130 بەشداربوو پێیان وایە کە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) ڕۆڵێکی زۆری بینیوە لەو بارەوە، کە ڕێژەی 37% ی بەشداربووان پێك دەهێنن .

هەروەها 180 کەسی بەشداربووی تر پێیان وایە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) تاڕادەیەك ڕۆڵی هەبووە لە پشت بەستن بە ڕای پسپۆڕانی بواری ئاو سەبارەت خستنەرووی گرفتەکانی ئەو بوارەو پێشنیاری چارەسەرکردنیان لەشاری سلێمانیدا ، کە دەکاتە ڕێژەی 51% ی بەشداربووان، لە بەرانبەردا 40 کەس لە بەشداربووان پێیان وایە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لە پشت بەستن بە ڕای پسپۆڕانی بواری ئاو سەبارەت خستنەرووی گرفتەکانی ئەو بوارەو و پێشنیاری چارەسەرکردنیان لەشاری سلێمانیدا ڕۆڵێکی کەمی گێڕاوەو لەئاستی پێویستدا نەبووە، کەدەکاتە ڕێژەی 12% ی بەشداربووانی ڕاپرسی توێژینەوەکە.

بەم شێوەیە نیشانی دەدات دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لە پشت بەستن بە ڕای پسپۆڕانی بواری ئاو سەبارەت خستنەرووی گرفتەکانی ئەو بوارەو و پێشنیاری چارەسەرکردنیان لەشاری سلێمانیدا ڕۆڵێکی مام ناوەندی هەبووە .

**خشتەی (١٤)**

**خستنەڕوی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لە مامەڵکردن لەگەڵ بابەتی ئاو وەك بابەتێکی سەرەکی و گرنگی مرۆیی لەبەرنامەو پەیامە میدیاییەکانیاندا :**

| گۆڕاو | دووبارە | ڕێژەی سەدی | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوانەی |
|---|---|---|---|---|
| زۆر | 140 | %40 | 2.31 | 0.39 |
| تاڕادەیەك | 180 | %51 | | |
| کەم | 30 | %9 | | |
| هەمووی | 350 | %100 | | |

خشتەی ژمارە (١٤) ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) لە مامەڵکردن لەگەڵ بابەتی ئاو وەك بابەتێکی سەرەکی و گرنگی مرۆیی لەبەرنامەو پەیامە میدیاییەکانیاندا، نیشان دەدات، ، لەوبارەوە و بەشێوەیەکی گشتی بۆ توێژەر ڕوونبۆتەوە کە ئەو (ڕۆڵ) ە لە ئاستێکی ( **تارادەیەک**) دایە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە بەناوەندی ژمێرەیی (٢,٣١) ولادانی پێوانەیی ( ٠,٣٩ ) ، هاتووە.

بەشێوەیەکی تایبەتیش بەپێی ڕای بەشداربوانی ڕاپرسیەکە 140 کەس لە بەشداربووان پێیان وایە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لەو بارەوە، کە ڕێژەی 40% ی بەشداربووان پێك دەهێنن.

هەروەها180 کەس لە بەشداربووانی تر پێیان وایە ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat) لەمامەڵکردن لەگەڵ بابەتی ئاو وەك بابەتێكی سەرەكی و گرنگی مرۆیی لەبەرنامەو پەیامە میدیاییەکانیاندا تا ڕادەیەك بووە، کە دەکاتە ڕێژەی 51% ی بەشداربوانی ڕاپرسیەکە.

لەبەرانبەردا 30 کەس لە بەشداربووان پێیان وایە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) خاوەنی ڕۆڵێکی کەمە لەمامەڵکردن لەگەڵ بابەتی ئاو وەك بابەتێكی سەرەكی و گرنگی مرۆیی لەبەرنامە و پەیامە میدیاییەکانیداا ، کە دەکاتە ڕێژەی 9% ی بەشداربووان.

بەم شێوەیە خشتەی سەرەوە نیشانی دەدات کە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) بەئاستێکی مامناوەند ڕۆڵی هەبووە لەمامەڵکردن لەگەڵ بابەتی ئاودا وەك بابەتێكی سەرەكی و گرنگی مرۆیی لەبەرنامەو پەیامە میدیاییەکانیاندا.

## پێنجەم

## وەڵامی گریمانەکانی توێژینەوە و دەرئەنجامی توێژینەوە :

### یەک: وەڵامدانەوەی گریمانەکانی توێژینەوە:

لەمیانەی خستەڕوو وراڤەی خشتەکانی خوارەوەدا توێژەر وەڵامی گریمانەکانی توێژینە وەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوونکردۆتەوە:

**١- وەڵامدانەوەی گریمانەی ١:**

**- ناوەڕۆکی گریمانەکە:** پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لە نێوان وەڵامدانەوەی بەرتوێژان بۆ هەر (٤) ( گۆڕاوەکانی ئامانجەکانی توێژتنەوە)، لەگەڵ :( ڕەگەز) ی بەرتوێژانی توێژینەوەدا.

**- ڕاڤەی گریمانەکە:**

**خشتەی (١٥ )**

**پەیوەندی نێوان (ڕەگەزی بەتوێژان) لەگەڵ گۆڕاوەکانی تایبەت بەئامانجەکانی توێژینەوەکە :**

| | گۆڕاوەکان | پەیوەندی | نرخی ئەگەری |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | دەرخستنی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat) لەپێدانی هۆشیاری بە هاوڵاتیان سەبارەت بە زانینی بایەخ و پێگەی ستراتیجی سامانی نیشتمانی ئاو لە جیهان و ناوچەکەو هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانیدا | 0.151 | 0.005 |
| | زانینی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat ) لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت بە پاراستن و پاك ڕاگرتنی سەرچاوەکانی ئاوی شاری سلێمانی | 0.261- | 0.000 |
| | دەرخستنی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat) لەهاندانی هاوڵاتیان بۆ بە فیرۆنەدانی ئاو وبەکارهێنانی ئاوبەگوێرەی پێویست. | 0.130- | 0.015 |
| | خستنەڕوی ئاستی سوودبینیني هاوڵاتیان لە دامەزراوە ی میدیایی (Kurd sat) بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە سیستەمی دابەشکردنی ئاو لەشاری سلێمانیدا . | 0.303 | 0.000 |

لەخشتەی (١٥) وە بۆ توێژەر دەردەکەوێت کەپەیوەندی ڕەگەز لەگەڵ گۆڕاوی (ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە) دا: ( دەرخستنی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat) لەپێدانی هۆشیاری بە هاوڵاتیان سەبارەت بە زانینی بایەخ و پێگەی ستراتیجی سامانی نیشتمانی ئاو لە جیهان و ناوچەکەو هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانیدا)، پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی بێهێزی هەیە کە دەکاتە (٠,١٥١) ، بەڵام لەهەمان کاتدا کاریگەریشی هەیە ئەویش لەمیانەی بەراورد کردنی نرخی ئەگەری ئەو گۆڕاوە کە دەکاتە (٠,٠٠٥) بە ئاستی کاریگەر کە نرخەکەی (٠,٠٥) ە، دەردەکەوێت،ئەمەش لەبەر ئەوەی کەنرخی ئەگەری کەمترە لەنرخی ئاستی کاریگەر .

هەروەها پەیوەندی ڕەگەز لەگەڵ گۆڕاوی ( ئامانجی دووەمی توێژینەوەکە ): ( زانینی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat ) لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت بە پاراستن و پاك ڕاگرتنی سەرچاوەکانی ئاوی شاری سلێمانی) پەیوەندیەکی پێچەوانەی بێهێزی هەیە کە دەکاتە (-٠,٢٦١)، بەڵام لەهەمان کاتدا کاریگەریشی هەیە ئەویش بەبەراوردکردنی نرخی ئەگەری ئەو گۆڕاوە کە ئەکاتە (٠,٠٠٠) بە ئاستی کاریگەر کە نرخەکەی (٠,٠٥) ە ،ئەمەش لەبەر ئەوەی کەنرخی ئەگەری کەمترە لەنرخی ئاستی کاریگەر .

لەلایەکی ترەوە پەیوەندی ڕەگەز لەگەڵ گۆڕاوی (ئامانجی سێیەمی توێژینەوەکە) دا: ( دەرخستنی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی(Kurd sat) لەهاندانی هاوڵاتیان بۆ بەفیڕۆنەدانی ئاو و بەکارهێنانی ئاو بەگوێرەی پێویست) پەیوەندیەکی پێچەوانەی بێهێزی هەیە کە دەکاتە (-٠,١٣٠) بەڵام لەهەمان کاتدا کاریگەریشی هەیە ئەویش بەبەراورد کردنی نرخی ئەگەری ئەو گۆڕاوە کە ئەکاتە (٠,٠١٥) بە ئاستی کاریگەر کە نرخەکەی (٠,٠٥) ە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کەنرخی ئەگەری کەمترە لەنرخی ئاستی کاریگەر .

لە پۆلێنی سێیەمدا پەیوەندی ڕەگەز لەگەڵ گۆڕاوی (ئامانجی چوارەمی توێژینەوەکە) دا: ( خستنەڕوی ئاستی سوودبینینی هاوڵاتیان لە دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە سیستەمی دابەشکردنی ئاو لەشاری سلێمانیدا) . پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی بێهێزی هەیە کە دەکاتە (٠,٣٠٣) بەڵام لەهەمان کاتدا کاریکە ریشی هەیە ئەویش بەیەراوردکردنی نرخی ئەگەری ئەو گۆڕاوە کە دەکاتە (٠,٠٠٠) بە ئاستی کاریگەر کە نرخەکەی (٠,٠٥)ە ، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە نرخی ئەگەری کەمترە لەنرخی ئاستی کاریگەر .

**٢- وەڵامدانەوەی گریمانەی ٢:**

**- ناوەڕۆکی گریمانەکە :** پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لە نێوان وەڵامدانەوەی بەرتوێژان بۆ هەر (٤) (گۆڕاوەکانی ئامانجەکانی توێژتنەوە)، لەگەڵ : ( ئاستی تەمەن) ی بەرتوێژانی توێژینەوەدا.

**- ڕاڤەی گریمانەکە:**

**خشتەی ( ١٦ )**

**پەیوەندی نێوان ( تەمەنی بەرتوێژان) لەگەڵ گۆڕاوەکانی تایبەت بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

| | گۆڕاوەکان | پەیوەندی | نرخی ئەگەری |
|---|---|---|---|
| ئاستی تەمەن | دەرخستنی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat) لە پێدانی هۆشیاری بە هاوڵاتیان سەبارەت بە زانینی بایەخ و پێگەی ستراتیجی سامانی نیشتمانی ئاو لەجیهان وناوچەکەو هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانیدا. | 0.118 | 0.027 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | زانینی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی( Kurd sat) لەهۆشیارکردنەوەی هاولاتیان سەبارە ت بە پاراستن و پاك ڕاگرتنی سەرچاوەکانی ئاوی شاری سلێمانی. | 0.027 | 0.612 |
| | دەرخستنی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایی (Kurdsat) لەهاندانی هاولاتیان بۆ بە فیرۆنەدانی ئاوو بەکارهێنانی ئاو بەگوێرە ی پێویست. | 0.015- | 0.786 |
| | خستنەڕوی ئاستی سوودبینیني هاولاتیان له دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) بۆوەرگرتنی زانیاری سەبارەت بەسیستەمی دابەشکردنی ئاو لەشاری سلێمانیدا . | 0.042- | 0.428 |

لەخشتەی (١٦ ) دا بۆ توێژەر دەردەکەوێت کە پەیوەندی (ئاستی تەمەنی بەرتوێژان) لەگەڵ گۆڕاوی ( ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە ) دا : (دەرخستنی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایي (Kurd sat) لە پێدانی هۆشیاری بە هاولاتیان سەبارەت بە زانینی بایەخ و پێگەی ستراتیجی سامانی نیشتمانی ئاو لەجیهان وناوچەکەو هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانیدا) ، پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی بێهێزی هەیە کە دەکاتە (٠,١١٨) بەڵام لەهەمان کاتدا کاریگەریشی هەیە ئەویش لە میانەی بەراوردکردنی نرخی ئەگەری ئەو گۆڕاوە کە دەکاتە (٠,٠٢٧) لەگەڵ ئاستی کاریگەر کە نرخەکەی (٠,٠٥) ە ، ئەمەش لەبەر ئەوەی کەنرخی ئەگەری کەمترە لەنرخی ئاستی کاریگەر .

هاوکات پەیوەندی (ئاستی تەمەن) لەگەڵ گۆڕاوی ( ئامانجی دووەمی توێژینەوەکە ) دا:(خستنەڕوی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایي (Kurd sat ) لە هۆشیارکردنەوەی هاولا تیان سەبارەت بە پاراستن وپاک ڕاگرتنی سەرچاوەکانی ئاوی شاری سلێمانی) . پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی زۆر بێ هێزی هەیە کە دەکاتە (٠,٠٢٧) بەڵام کاریگەریشی نی یە ئەویش لەمیانەی بەراورد کردنی نرخی ئەگەری ئەو گۆڕاوە کە ئەکاتە (٠,٦١٢) لەگەڵ ئاستی کاریگەردا کە نرخەکەی (٠,٠٥)ە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە نرخی ئەگەری گەورەترە لەنرخی ئاستی کاریگەر.

لە لایەکی ترەوە پەیوەندی (ئاستی تەمەن) لەگەڵ گۆڕاوی ( ئامانجی سێیەمی توێژینەوەکە): (دەرخستنی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایي (Kurd sat) لە هاندانی هاولاتیان بۆبەفیرۆنەدانی ئاوو بەکارهێنانی ئاو بەگوێرەی پێویست)، پەیوەندیەکی پێچەوانەی زۆر بێ هێزی هەیە کە دەکاتە (-٠,٠١٥) لەهەمان کاتدا کاریگەریشی نی یە ئەویش لەمیانەی یەراورد کردنی نرخی ئەگەری ئەو گۆڕاوە کە ئەکاتە (٠,٧٨٦) بە ئاستی کاریگەرکە نرخەکەی (٠,٠٥) ە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە نرخی ئەگەری زۆرترە لەنرخی ئاستی کاریگەر .

لەپۆلێنبەندی کۆتاییدا بۆ توێژەر دەرکەوتووە کە پەیوەندی (ئاستی تەمەن) لەگەڵ گۆڕاوی ( ئامانجی چوارەمی توێژینەوەکە) : (خستنەڕوی ئاستی سوودبینیني هاولاتیان لەدامەزراوەی میدیایي (Kurd sat) بۆوەرگرتنی زانیاری سەبارەت بەسیستەمی دابەشکردنی ئاو لەشاری سلێمانیدا) م پەیوەندیەکی پێچەوانەی زۆر بێ هێزی هەیە کە دەکاتە (-٠,٠٤٢)، لەهەمان کاتدا کاریگەریشی نی یە، ئەویش لەمیانەی یەراوردکردنی نرخی ئەگەری ئەو گۆڕاوە کەئەکاتە (٠,٤٢٨) لەگەڵ ئاستی کاریگەردا کە نرخەکەی (٠,٠٥) ە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە نرخی ئەگەری زۆرترە لەنرخی ئاستی کاریگەر.

## ٣- وەڵامدانەوەی گریمانەی ٣:

**- ناوەرۆکی گریمانەکە :** پەیوەندیەکی ئاماری هەیە لە نێوان وەڵامدانەوەی بەرتوێژان بۆ هەر (٤) ( گۆڕاوەکانی ئامانجەکانی توێژتنەوە)، لەگەڵ: (بروانامەو ئاستی خوێندن) ی بەرتویژانی توێژینەوەدا.

**- ڕاڤەی گریمانەکە:**

**خشتەی (١٧ )**

**پەیوەندی نێوان ( بڕوانامەو ئاستی خوێندنی بەرتوێژان) لەگەڵ گۆڕاوەکانی تایبەت بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە :**

| گۆڕاوەکان | | پەیوەندی | نرخی ئەگەری |
|---|---|---|---|
| بڕوانامە و ئاستی خوێندن | دەرخستنی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایي ( Kurd sat) لە پێدانی هۆشیاری بە هاولاتیان سەبارەت بە زانینی بایەخ و پێگەی ستراتیجی سامانی نیشتمانی ئاو لەجیهان و ناوچەکەو هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانیدا. | 0.234- | 0.000 |
| | زانینی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایي ( Kurdsat) لەهۆشیارکردنەوەی هاولا تیان سەبارەت بە پاراستن وپاکڕاگرتنی سەرچاوەکانی ئاوی شاری سلێمانی . | 0.083- | 0.١٢٣ |
| | دەرخستنی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایي ( Kurd sat) لەهاندانی هاولاتیان بۆ بەفیرۆنەدانی ئاوو بەکارهێنانی ئاو بەگو ێرە ی پێویست. | 0.189 | 0.000 |
| | - زانینی ئاستی سوودبینیني هاولاتیان له دامەزراوەی میدیایي (Kurd sat) بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە سیستەمی دابەشکردنی ئاو لەشاری سلێمانیدا. | 0.185 | 0.000 |

لە خشتەی ( ١٧) دا بۆ توێژەر دەردەکەوێت کە پەیوەندی ( بڕوانامە و ئاستی خوێندن) لەگەڵ گۆڕاوی ( ئامانجی یەکەمی توێژینەوەکە ) دا : ( دەرخستنی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایي (Kurd sat) لە پێدانی هۆشیاری بە هاولاتیان سەبارەت بە زانینی بایەخ و پێگەی ستراتیجی سامانی نیشتمانی ئاو لەجیهان و ناوچەکەو هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانیدا.) پەیوەندیەکی پێچەوانەی بێ هێزی هەیە کە دەکاتە (-0.234) بەڵام لەهەمان کاتدا کاریگەریشی هەیە ئەویش لەمیانەی بەراوردکردنی نرخی ئەگەری ئەو گۆڕاوە کە دەکاتە (٠,٠٠٠) لەگەڵ ئاستی کاریگەردا کە نرخەکەی (٠,٠٥ ) ە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە نرخی ئەگەری کەمترە لەنرخی ئاستی کاریگەر .

هەروەها لەلایەکی ترەوە پەیوەندی ( بڕوانامە و ئاستی خوێندن) لەگەڵ گۆڕاوی ( ئامانجی دووەمی توێژینەوەکە ) دا : (زانینی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایي( Kurd sat) لە هۆشیارکردنەوەی هاولا تیان سەبارەت بە پاراستن و پاك ڕاگرتنی سەرچاوەکانی ئاوی شاری سلێمانی.) پەیوەندیەکی پێچەوانەی زۆر بێ هێزی هەیە کە دەکاتە (-٠,٠٨٣) کە لەهەمان کاتدا کاریگەریشی نیە، ئەویش لەمیانەی بەراورد کردنی نرخی ئەگەری ئەو گۆڕاوە کە ئەکاتە (٠,١٢٣) بە ئاستی کاریگەر کە نرخەکەی (٠,٠٥)ە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کە نرخی ئەگەری گەورەترە لەنرخی ئاستی کاریگەر .

هەروەها لە پۆلێنی سێیەمدا پەیوەندی (بڕوانامە و ئاستی خوێندن) لەگەڵ گۆڕاوی ( ئامانجی سێیەمی توێژینەوەکە) : ( دەرخستنی ڕۆڵی دامەزراوەی میدیایي (Kurd sat) لەهاندانی هاولاتیان بۆ بەفیرۆنەدانی ئاو و بەکارهێنانی ئاو بەگوێرەی پێویست)

پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی  بێ هێزی هەیە کە دەکاتە (٠,١٨٩) بەڵام لەهەمان کاتدا کاریگەریشی هەیە، ئەویش بە لەمیانەی بەراورد کردنی نرخی ئەگەری ئەو گۆڕاوە کە ئەکاتە (٠,٠٠٠) بە ئاستی کاریگەر کە نرخەکەی (٠,٠٥)ە ،ئەمەش لەبەر ئەوەی نرخی ئەگەری کەمترە لەنرخی ئاستی کاریگەر .

لەکۆتاییدا پەیوەندی ( بڕوانامە و ئاستی خوێندن) لەگەڵ گۆڕاوی ( ئامانجی چوارەمی توێژینەوەکە) :( زانینی ئاستی سوودبینینی هاوڵاتیان لە دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat) بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە سیستەمی دابەشکردنی ئاو لەشاری سلێمانیدا.) پەیوەندیەکی ڕاستەوانەی بێ هێزی هەیە کە دەکاتە(٠,١٨٥)، بەڵام لەهەمان کاتدا کاریگەریشی هەیە ئەویش لە میانەی بەراوردکردنی نرخی ئەگەری ئەو گۆڕاوە کە دەکاتە (٠,٠٠٠) بە ئاستی کاریگەر کە نرخەکەی (٠,٠٥)ە، لەبەر ئەوەی نرخی ئەگەری کەمترە لەنرخی ئاستی کاریگەر.

## دوو: دەرەنجامی توێژینەوەکە:

١- دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat) ڕۆڵێکی کەمی هەبووە لە  هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت زانینی بایەخ و پێگەی ستراتیژی سامانی نیشتمانی ئاو لەجیهان و ناوچەکەو هەرێمی کوردستان و شاری سلێمانیدا.

٢- دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat ) تاڕادەیەك ڕۆڵی هەبووە لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت بە پاراستن و پاك ڕاگرتنی سەرچاوەکانی ئاوی شاری سلێمانی.

٣- دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat)  تاڕادەیەك ڕۆڵی هەبووە لەهاندانی هاوڵاتیان بۆ بەفیڕۆنەدانی ئاو و بەکارهێنانی ئاو بەگوێرەی پێویست.

٤- هاوڵاتیانی شاری سلێمانی تاڕادەیەك سوودیان لەدامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) وەرگرتووە بۆ وەرگرتنی زانیاری سەبارەت بە سیستەمی دابەشکردنی ئاو لەشارەکەدا.

٥-دامەزراوەی میدیایی(Kurdsat) تاڕادەیەك ڕۆڵی هەبووە لەهۆشیارکردنەوەی هاوڵا تیان دەربارەی لێکەوتەکانی مەترسی پاك ڕانەگرتنی سەرچاوەکانی ئاوی خواردنەوەدا.

٦- دامەزراوەی میدیایی (Kurd sat) تاڕادەیەک ڕۆڵی هەبووە لەخستنەڕووی چارە سەری کێشەکانی ئاو لەشاری سلێمانیدا لەمیانەی وەرگرتنی ڕای لایەنە پەیوەندیدارهکانی بواری ئاودا .

٧- دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat ) تاڕادەیەك ڕۆڵی هەبووە لە پشت بەستن بە ڕای پسپۆڕانی بواری ئاو سەبارەت خستنەڕووی گرفتەکانی ئەو بوارەو و پێشنیاری چارەسەرکردنیان لەشاری سلێمانیدا .

٨- دامەزراوەی میدیایی ( Kurd sat ) تاڕادەیەك ڕۆڵی هەبووە لەمامەڵەکردن لەگەڵ بابەتی ئاو وەك بابەتێکی سەرەکی و گرنگی مرۆیی لەبەرنامەو پەیامە میدیاییەکانیاندا .

## ڕاسپاردەو پێشنیاز

### 1- پێشنیازی توێژینەوەکە :

دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر چەند پێشنیازێکی لەلا گەڵاڵە بووە، دەیخاتە ڕوو بۆدامەزراوەی میدیایی (کوردسات)، تاوەکو بتوانن لەداهاتوودا کاری لەسەر بکەن:

أ_ دامەزراوەی میدیایی (کوردسات) ، لەمیانەی بەرنامەکانیان جەخت بکەنەوە لەسەر زیاتر دەرخستنی کێشەکانی ئاو لە شاری سلێمانی  بەتایبەتی وسنوری پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان بە گشتی.

ب - دامەزراوەی میدیایی (کوردسات) بایەخی زیاتر بدەن بە هۆشیار کردنەوەی هاوڵاتیان سەبارەت بە گرنگیدان بەپێگەی ستراتیژی سامانی نیشتمانی ئاو لەجیهان و ناوچەکەو هەرێمی کوردستان دا.

ج - دامەزراوەی میدیایی ( کوردسات) بابەتیانە ڕووماڵی گرفتەکانی بواری ئاو بکەن و ڕای هاوڵاتیان وەربگرن لەسەر ئاستی  خزمەتگوزاری لە بواری ئاودا .

د- دامەزراوەی میدیایی ( (کوردسات)) زیاتر بایەخ بدات بە خستنەڕووی  زانیاری لەسەر توانای چەندایەتی سەرچاوەکانی ئاوی شاری سلێمانی بە بەراورد بە زیادبونی بەردەوامی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی.

هـ- توێژەر پێشنیار دەکات ،کە هەموودەزگاکانی ڕاگەیاندنی حزبی و ئەهلی لەکوردستاندا  بەرنامەو بایەخەکانیان لە بواری  هۆشیاری ئاودا زیاتر بکەن هاوڵاتیان و کۆمەڵگا بەدروسترین شێوازی مامەڵە لەگەڵ پرسی ئاو  ئاشنا بکەن.

### 2- ڕاسپاردەی توێژینەوەکە :

لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا،توێژەر بەپێویستی دەزانێت چەند ڕاسپاردەیەك بۆ توێژەرانی داهاتوو بخاتەڕوو:

أ_ ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەرکاریگەری میدیای کوردی لەسەر مەترسی کەمبونەوەی ئاو لەداهاتوودا .

ب- نەنجامدانی توێژینەوە لەبارەی پێویستی هەڵمەتی هۆشیاری میدیایی لەبواری ئاودا، تاکو بیێتە هاندەری کەناڵە میدیاییەکان بۆئەوەی لەچوارچێوەی هەڵمەتی هۆشیاریدا زیاتر کۆمەڵگا لە بایەخی ستراتیجی ئاو و دروسترین ڕێگای بەکارهێنانی ئاگاداربکەنەوە.

ج- ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەبارەی دروستکردن و و بڵاوکردنەوەی ڕیکلامی نابازرگانی وەك ئامرازێکی هۆشیاری لە بواری ئاودا .

د - بەشێوازی جیاو سەربەخۆ توێژینەوە لەسەر ڕۆڵی  هەریەکە لە ڕاگەیاندنی (خوێنراو، بیستراو، بینراو، ئەلیکترونی) بکرێت لەسەر هوشیاری ژینگەیی و بەرپرسیاریتی بەرانبەر ژینگە وسەرچاوەکانی ئاو لە هەرێمی کوردستان.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەک:- کتێبی کوردی :

(محمد،٢٠١٧)کاروان عبدالله، بەرنامەی تەلەڤیزیۆنی ، چاپی یەکەم، سلێمانی.

### دوو : کتێبی عەرەبی :

(عبدالغفار، 2007) عادل، الإعلام وقضايا المجتمع- رؤية مستقبلية لتفعيل دور الإعلام في مواجهة القضايا المعاصرة، مركز المدينة للاعلام والنشر،القاهرة.

(عبد،2007)  حسن اسماعيل ، الفضائيات واثارها على الأسره والمجتمع،في بحوث و أوراق عمل الملتقى العربي بعنوان: أثر الفضايات على الأسرة العربية، شباط 2007، المنظمة العربية للتنمية الادارية، القاهرة، مصر.

(علي، محمد، 1999)  مقداد حسين و خليل ابراهيم ، السمات الأساسية للبيئات المائية، دار الشؤن الثقافية العامة ، وزاره الثقافه والإعلام، بغداد.

( الهيتي، 2010) هيثم ، الإعلام السياسي والاخباري في الفضائيات، دار أسامه للنشرو التوزيع، عمان.

**سێ: کتێبی ئینگلیزی:**

JOHNSON AND CHRISTENSEN(2014). Educational research: Quantitative, qualitative, and : mixed approaches.fifth edition . United States of America: Library of Congress Cataloging-in- Publication Data.

**چوار: توێژینەوەی زانستی:**

( ابراهيم ،٢٠١٥)، أيسر خليل، اهتمام الإعلام العربي بالقضايا البيئية، الصحف العربية بين واقع المشكلة وتطبيق الحلول،دار أمجد للنشرو التوزيع، عمان، الأردن ، ص١- ٢٠٢ .

(أحمد،2017) ڕێباز حمەغریب، دابەشبونی جوگرافی دەرامەتە ئاویەکان وچۆنیەتی بەکارهێنانی لەناوچەی هەورامانداً،نامەی ماستەری بڵاونەکراوە،زانکۆی سلێمانی، کۆلێژ ی زانستە مرۆڤایەتیەکان،بەشی جوگرافیا.

(اسعد،٢٠١٢،ل٩٨) ارشدخلیل،پشت بەستنی جەماوەر بەبابەتی بەدواداچوون لەکەناڵە ئاسمانیە کوردیەکان بۆ بەدەستهێنانی زانیاری،توێژینەوەیەکی مەیدانیە،توێژینەوە ی ماستەری بلاونەکراوە،زانکۆی سەڵاحەدین،کۆلێژی ئاداب،بەشی ڕاگەیاندن.

(بدوی، محمد، غيور، على ،2017) أسماء عمر سعيد محمد ، فاطمة عبده ، أماني السيد ، أسامه عبد الرحيم ، فعالية بعض الأنشطة الإعلامية في تنمية الوعي المائي لدى تلاميذ المرحلة الإعدادية، مجلة بحوث التربية النوعية، عدد٤٨، جامعة المنصورة، مصر، ص٩١-١٢٧، ضمن الموقع الالكتروني :
https://mbse.journals.ekb.eg/article_137879.html .

(حەسەن، عومەر،عەبدوڵا،٢٠١٥) هێمن مەجید ، کامیل، سەنگەر حوسام، یەحیا عومەر ڕێشاوی، توێژینەوەی میدیایی، ڕێکخراوی چاودێری میدیای کوردی، کوردستان، سلێمانی، کوردستان،٢٠١٩، ل٥-٣٢ .

(طالب، یاسین ،2015) جەزا تۆفیق و هاوڕێ ،کاریگەری گۆرانکاری ئاوو هەوا لەسەر دەرامەتی ئاو لە شاری سلێمانی و دەوروبەری، توێژینەوەی زانستی بڵاوکراوە، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژ مارە 6.

( لولو، ٢٠١٩ ) عبد الغاني، المعالجة الإعلامية لقضايا البيئة في التلفزيون الجزائري- دراسة تحليلية لحصة" البيئة والمجتمع"، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی محمد الشريف / سوق أهراس، جەزائیر .

(محمد،رسول،2017)کاروان عبدالله وهاوڕێ محمود،توێژینەوەی زانستی بڵاوکراوە ، بەڕێوەبردنی توانا مرۆییەکان لە دامەزراوە تەلەفیزیۆنیەکانی هەرێمی کوردستاندا - کەناڵی (GK ) و(NRT ) بەنمونە،گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە 13.

**پێنج : سایتی ئەلیکترۆنی:**

x.phpپdu.iq/indپ.http://spu( ئەدمین، 2021/11/18) ، سایتی:

( عبدالظاهر،11/19 /2021 ) وجده حلمي ، دور وسائل الاعلام الحديث في التوعية و مواجهة الازمات الامنية، عبرالموقع:
.t/publicationپn.پarchgatپsپhttps://www.r

**شەش: چاوپێکەوتن:**

(قادر،2021/11/20.) سەربەست عثمان ، بەڕێوەبەری ئاوی سلێمانی، چاوپێکەوتنی توێژەر لەگە لێدا.